

2022

# سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا

## لە ماوەی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی 2018-2011

بڕوا ستار

# سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا

## (لە ماوەی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی ٢٠١١-٢٠١٨)

برڕوا ستار

2022

## سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا


| | |
|---|---|
| • نووسین: | بڕوا ستار |
| • جۆری کتێب: | توێژینەوە/مێژوویی |
| • دیزاین: | کوردزاین KURDSIGN |
| • نرخ: | ٣٠٠٠ دینار |
| • چاپی یەکەم: | ٢٠٢٢ |
| • تیراژ: | ٥٠٠ دانە |
| • چاپخانە: | ......... |

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە**


E_mail: Brwaafandi@gmail.com

ناوەڕۆک


| ژ | بابەت | لا |
|---|---|---|
| ١ | **پێشەکی** | 3 |
| ٢ | **بەشی یەکەم/ پوختەی مێژووی هاوچەرخی سوریا و سەردەمی ئینتداب** | 11 |
| ٣ | **باسی یەکەم/ پوختەی مێژووی هاوچەرخی سوریا** | 13 |
| ٤ | **باسی دووەم/ سوریا لە سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا** | 21 |
| ٥ | **بەشی دووەم/ دەستپێکی ئاڵۆزییەکانی سوریا و سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی سارکۆزی و هۆلاند و ماکرۆن** | 40 |
| ٦ | **باسی یەکەم/دەستپێکی ئالۆزییەکانی سوریا و سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی نیکۆلای سارکۆزی**<br>**-تەوەری یەکەم/ دەستپێکی ئاڵۆزییەکانی سوریا**<br>**-تەوەری دووەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا لە سەردەمی سارکۆزی** | 42 |
| ٧ | **باسی دووەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی فرانسوا هۆلاند و ئیمانوێل ماکرۆن**<br>**- تەوەری یەکەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا لە سەردەمی هۆلاند**<br>**- تەوەری دووەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا لە سەردەمی ماکرۆن** | 55 |
| ٨ | **دەرئەنجام** | 75 |
| ٩ | **لیستی سەرچاوەکان** | 79 |

## پێشەکی

سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا پاشخانێکی مێژوویی قوڵی هەیە، بە دەستنیشانکراوی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) و هەڵمەتی دابەشکردنی ناوچەکە، کە پێشتر بەشێک بووە لە دەوڵەتی عوسمانی، لەنێوان فەڕەنسا و بەریتانیا جێبەجێکرا، کە سەرەتا بە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆتی نهێنی دەستیپێکرد و دواتر لەگەڵ کشانەوە و شکستی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سوریا و عێراق، هەردوو وڵاتەکە بە تەواوی دابەشکرا، لە سەرەتاشدا بەپێی ڕێککەوتنامە نهێنییەکە هێزەکانی بەریتانیا هاتنە سوریا، بەڵام دواتر هێزەکانیان کشاندەوە و لە چوارچێوەی کۆنگرەی سان ڕیمۆ کە لەگەڵ هاوبەشەکەیان ئیمزایان کردبوو، فەڕەنسا بەشێک لە سوپاکەی نارده سوریا، کە ئەمەش بە یەکەمین وێستگەی پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و فەڕەنسا دادەنرێت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان سوریا بە فەرمی کەوتە ژێر ئینتدابی فەڕەنسا، ئەم ئینتدابەش درێژبووەوە تا ١٩٤٦/٤/١٦، کە تەواوی سوپاکەی لە سوریا کشاندەوە، سورییەکان ئەم ڕۆژەیان بە "اليوم الجلاء" ناوناوە.

بەهۆی ئەم قوڵاییە مێژووییەوەشەوە کۆماری فەڕەنسا هەمیشە سوریا بە ناوچەیەکی ستراتیژی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی دەبینێت، پێش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و گەیشتنی بە سوریا، فەڕەنسا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ئابووری، کلتوری و بازرگانی لەگەڵ کۆماری عەرەبی سوریا

هەبوو، بەڵام ئەم پەیوەندییە بەهۆی لێکەوتەکانی ئەم ڕوداوانە و گۆڕان لە ستراتیژیەتی پەیوەندی فەرەنسا لەگەڵ سوریا درێژەی نەکێشا.

لەو کاتەوەی لە سەرەتاکانی ٢٠١١دا کاتێک پریشکی نارەزایەتییەکانی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی بەر سوریا کەوت و نارەزایەتیەکان لەو وڵاتە دەستیانپێکرد، کۆماری فەرەنسا هەڵوێستێکی ڕوونی نەبوو، بەڵام کە دواتر خۆپیشاندانەکان گرژیان تێکەوت و هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕژێمی سوریا توندوتیژییان بەرامبەر خەڵکی مەدەنی و چالاکوانانی نارەزایەتییەکان ئەنجامدا، کۆماری فەرەنسا بە سەرکۆنەکردنی ئەم کردارەی ڕژێمی سوریا دەستپێکرد، ئەویش دوای ئەوەی لە ماوەی مانگی ئازار بۆ مانگی ئایاری هەمان ساڵ، سەدان هاوڵاتی مەدەنی لە سوریا کوژران و هەزارانی تر بریندار بوون، لە پاڵیشیدا هەزاران هاوڵاتی لە زیندانەکانی ڕژێمدا توندکران، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی فەرەنسا بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سوریادا بچێتەوە.

دوای ئەوەی، لەلایەک نارەزایەتییەکان فراوانتر دەبوون و لەلایەکی تریشەوە ڕژێمی سوریا ئاستی پێشێلکارییەکانی چڕتر کردەوە، کۆماری فەرەنسا بووە یەکێک لەو وڵاتانەی کە سەرسەختانە دژایەتی ڕژێمی سوریای دەکرد و هەوڵی دەدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکبخات تا لە ڕێی هێزی سەربازییەوە کۆتایی بە قەیرانەکە بهێنن، بەڵام بەهۆی

هاوپەیمانیەتی لەگەڵ سوریا، روسیا بەردەوام دەبووە ڕێگر لە بەردەم ئەم هەوڵانەی کۆماری فەڕەنسا.

لەم ماوەیەی کە ناڕەزایەتییەکان بەرەو پێکدادانی چەکداری هەنگاویاننا و دواتریش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، دوو جار هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری فەڕەنسا ئەنجامدرا، بەم پێیەش سێ سەرۆک (سارکۆزی، هۆلاند و ماکرۆن)، کە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیان نەخشەڕێژ کرد، کە لە ئاراستەکردنی سیاسەتەکانیان بەرامبەر قەیرانی سوریا تا ڕادەیەک جیاواز بوون، ئەمەش لە پاڵ هۆکارەکانی تر، هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەوەی فەڕەنسا نەتوانێت لەسەر یەک ستراتیژی سیاسی بمێنێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا، لە سەردەمی هەرسێ سەرۆکدا، تەنها لە ڕووی سەربازییەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگینا هەڵوێستە سیاسییەکانیان هاوشێوەی یەک بوو، لە ڕووی سەربازیشەوە لە سەردەمی هۆلاند و ماکرۆن کۆماری فەڕەنسا بەشداریکرد لە کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی لە چوارچیوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر و هاوکاری لۆجستی هێزە ناوخۆییەکانی سوریا، بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەی ئەم مەترسیانە.

# بەشی یەکەم

# مێژووی هاوچەرخی سوریا و سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا

پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و سوریا لەم ماوەیەدا پڕە لە کێشمەکێشم و بەرزی و نزمی، بەو مانایەی کە بەردەوام ئەم پەیوەندییانە هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیووە، هەر لە وابەستبوون و ڕازیبونی گروپێک یاخود لایەنێک تا دەگاتە دژایەتی و ڕاپەڕین دژی ئینتدابی فەرەنسا لە سوریا، کە لەم ماوەیەدا چەندین ڕاپەڕین و سەرهەڵدان لە دژی ئینتدابی فەرەنسا ئەنجام دراوە، ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش و دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە دەستدانی بەشێکی زۆر لە خاکەکەی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا.

سوریا یەکێک بووە لەو ناوچانەی کە پێش جەنگی جیهانی یەکەم بەشێک بوو لە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (ویلایەتی شام)، کە دواتر لە ئەنجامی سەرنەکەوتن لە جەنگەکەدا لە دەستیدا و سەرەتا کەوتە ژێر دەستی گروپە چەکدارییەکانی نزیک لە بەریتانیا و دواتریش کەوتە ژێر سەرپەرشتی "کۆمەڵەی گەلان"، کە لەلایەن هێزە براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دامەزرابوو، هەروەها مافی دەدا بە براوەکانی جەنگ تا دەستبخەنە کاروباری ئەو ناوچانەی، کە لە پێشتردا لەژێر دەستی دۆڕاوەکانی جەنگدا بوون.

لە ماوەی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، بە دەستنیشانکراوی ئەو کاتەی عوسمانییەکان بە تەواوی لە جەنگ تێکشکابوون، هاوپەیمانان (فەرەنسا و بەریتانیا و ڕوسیا)، زەمینەسازیان کرد بۆ ئەوەی دوای جەنگەکە ڕەوایەتی نێودەوڵەتی بۆ هەنگاوە سیاسییەکانیان پەیدابکەن،

ئەویش بە بەستنی ڕێككەوتننامەی نهێنی (سایكس-بیكۆ ١٩١٦) دەستی پێكرد، كە لە بنەمادا بۆ دابەشكردنی هەر یەك لە عێراق، سوریا، ئوردەن و فەڵستین بوو، دواتریش ئەو ڕێككەوتنە بووە بنەما بۆ دامەزراندنی كۆمەڵەی گەلان، تا بە پشتبەستن بە ڕێككەوتنە نهێنییەكە، لە فەرمانڕەوایەتیكردنی ناوچەكەدا سەرپشكبكرێت. فەڕەنسا و بەریتانیا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتییەكەیان لە جەنگی جیهانی یەكەمدا، ناوچەكەیان بە هەرەمەكی لەنێوان خۆیاندا دابەشكرد، بەڵام دواتر بەپێی كۆنگرەی (سان ڕیمۆ ١٩٢٠) كە ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان لە ئیتاڵیا گرێیاندابوو، ئاڵوگۆڕ لە بەركەوتەكانی فەڕەنسا و بەریتانیا كرا بەمەش سوریا بە تەواوەتی خرایە ژێر فەرمانڕەوایەتی و ئینتدابی فەڕەنسا، دواجاریش بە بڕیارێك كۆمەڵەی گەلان ڕەوایەتی پێدا.

هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسكران، لە میانەی دوو باسدا دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەكەم/ پوختەی مێژووی هاوچەرخی سوریا.

باسی دووەم/ سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا.

# باسی یەکەم

## پوختەی مێژووی هاوچەرخی سوریا

دوای دەرچوونی سوپای دەوڵەتی عوسمانی لە ویلایەتی سوریا، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ – ١٩١٨)، لەژێر سەرپەرشتی 'جەنەڕاڵ ئیدمۆند ئالنبی' Edmund Allenby فەرماندەی گشتی سوپای هاوپەیمانان لە ڕۆژهەلاتی نزیک، ناوچەی شام دابەشکرا بەسەر سێ هەرێمی سەربازی (ڕۆژئاوا، ڕۆژهەلات و باشوور)[١]، لەو ماوەیەدا کە بۆشایی سیاسی و سەربازی لە سوریا درووستبوو، یەکەمین حکومەتی عەرەبی لە ١٩١٨ لە سوریا لەلایەن 'ئەمیر سەعید جەزائیری' نەوەی کەسایەتی "عەبدولقادر جەزائیری" دامەزرێندرا، کە لە زۆربەی سەرچاوەکان پشتڕاستکراوەتەوە ئەم حکومەتە ٣ ڕۆژ بەردەوامبوو، دواتر 'عەلی ڕەزا ڕەکابی' فەرماندەی پێشوو لە سوپای عوسمانی، دوای روخانی تەواوەتی دەوڵەتی عوسمانی، بە ڕاسپاردەی سوپای شانشینی بەریتانیا لە ناوچەی ڕۆژهەلات کە دیمەشقیش بەشێک بوو لەو هەرێمە، داوای لە فەیسەڵ بن شەریف حوسەین کرد بێتە دیمەشق و ئامادەکاری بکات بۆ بونیادنانی "شانشینی سوریای عەرەبی" بە سەرۆکایەتی فەیسەڵ بن حوسەین، کە لەپێشدا ڕەکابی دڵسۆزی خۆی بۆ کوڕانی شەریف حوسەین ڕاگەیاندبوو،

---

[١] - يوسف الحكيم، سورية والانتداب الفرنسي، دار النهار، بيروت، الطبعة الثانية ١٩٩١، ص٦.

پاشان 'فەیسڵ بن شەریف حوسەین' لەسەر داخوازی ڕەکابی و بەریتانییەکان خۆی و لەشکرێکی ١٢٠٠ چەکداری کە بە هێزێکی سیمبولی شاهانەی بەریتانی پارێزبەندی دەکرا هاتنە ناو دیمەشقەوە، لەدوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی بەریتانییەکان پلانیان دانابوو ناوچە عەرەبییەکان بخەنە ژێر دەستەڵاتی هۆزە خاوەن پێگە عەرەبییە هاوپەیمانەکانیان، بە تایبەت بنەماڵەی شەریف حوسەین، کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی شەریفی مەککە بوون، هەروەها نەیاری سەرسەختی عوسمانییەکان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک بوون لە بنەماڵە ناودارەکانی ئەو کاتەی عەرەب و باشترین دۆستی بەریتانییەکان بوون[٢]. پاشان شانشینەکە لە دیمەشق دامەزرا و فەیسەڵ بن شەریف حوسەین'یش بوو بە میری شانشینەکە و عەلی ڕەکابیش وەک یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئەم شانشینە دەستنیشانکرا[٣]. لە سەرەتادا ئەم شانشینە لەلایەن فەڕەنساشەوە پشتگیری لێکرا، کاتێک میر فەیسەڵ بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس وەک نوێنەری سوریا بەشدار بوو، لە پەراوێزی کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ فەڕەنسا بە ڕێککەوتنێک ئەم پشتگیرییە لەنێوان شا فەیسەڵ و جۆرج کلێمنسۆ'ی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای فەڕەنسا ئیمزاکرا، کە لە ڕێککەوتنەکەدا فەڕەنسا ئەم پشتگیریەی لە میر فەیسڵ و

---

[٢] - تاريخ سوريا المعاصر، حكومه الامير سعيد الجزائيري، ٢٠٢١/٣/٥
https://bit.ly/34z2Irv

[٣] - وليد المعلم، سورية ١٩١٦ - ١٩٤٦ .. الطريق إلى الحرية، هيئة العامه سورية للكتاب، دمشق، الطبعة الاول ٢٠١٥، ص٦٩-ص٧٤.

شانشینەکەی قۆستەوە بۆ ئەوەی شانشینەکەی ملکەچ بکات بە چەند مەرجێک لە بەرژەوەندی وڵاتەکەی ڕازیبن.

گرنگترین خاڵەکانی ڕێککەوتننەکە:

١ – پێدانی مافی قەرزی گشتی و سەرپەرشتیکردنی هێڵی ئاسنی بە فەڕەنسا.

٢ – بە فەرمی کردنی هەردوو زمانی عەرەبی و فەڕەنسی وەک زمانی دەوڵەت.

٣ – مافی دەستەڵاتی خۆجێیەتی بدرێت بە دروزەکانی چیای عەرەب.

٤ – دانپیدانانی شانشینی سوریا بە ئینتدابی فەڕەنسی لە لوبنان[٤].

بەڵام دواتر بەهۆی خراپی بارودۆخی ناوخۆیی شانشینی سوریای عەرەبی و بەهێزبوونی بەرەی نەتەوەییە توندڕەوەکان و گرتنە دەستی جومگە گرنگەکانی سوپا، هەورەها بەستنی کۆنگرەی عەرەبی لە ٨ی مارسی ١٩٢٠ لە دیمەشق، کە لە کۆنگرەکەدا ڕێککەوتنامەی فەیسەڵ–کلێمنسۆ'یان تاکلایەنانە هەڵوەشاندەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سنووری سوریایان بە تەواوی وەک سنووری شانشینەکە

---

[٤]- تاریخ سوریا المعاصر، اتفاق فیصل-کلیمنسو ١٩٢٠، ٢٠٢١/٣/٧
https://bit.ly/3Jibr01

ڕاگەیاند[٥]، بەڵام دواتر لە کۆنگرەی سان ڕیمۆ کە لە ١٩–٢٥ی ئەپریلی ١٩٢٠ لە شاری سان ڕیمۆی وڵاتی ئیتاڵیا کە ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان بەستبووی، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو لەمپەرانەی کە دێنە بەردەم هەردوو وڵاتی ئیستعمار و ئەو کێشانەی کە لەسەر دابەشکاری ناوچەکە لەنیوان وڵاتانی براوە لە جەنگی جیهانی یەکەم (بەریتانیا و فەڕەنسا) ڕوویدابوو، کە ئەم کێشانەش بە ڕێککەوتننامەی سایکس–بیکۆ لە پابەندنەبوونی هەردوولا هاتە ئاراوە، چونکە بەپێی ڕێککەوتنامەکە سەرەتا ناوچەکە بە شێوەیەک لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا دابەشکرابوو و دواتریش لەسەر ئەرزی واقیع بە شێوەیەکی جیاوازتر ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، هەر بۆیە خاڵی گرنگی پەیوەندیدار بە سوریا لە کۆنگرەکەدا ئەوە بوو، کە بە فەرمی سەربەخۆیی سوریای لەژێر ئینتدابی فەڕەنسا ڕاگەیاند[٦].

گرنگترین دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی سان ڕیمۆ:

١ – لوبنان و سوریا خرایە ژێر فەرمانڕەوایی فەڕەنسا.

٢ – عێراق خرایە ژێر فەرمانڕەوایەتی بەریتانیا.

---

٥ - محمد جمال باروت، المؤتمر السوري العام ( ١٩١٩ - ١٩٢٠ ): الدستور السوري الأول السياق، الطبيعة والوظائف، المراحل والقضايا، المركز العربي للابحاث ودراسات السياسية، نشر التبيون، العدد ٣ - المجلد الاول – شتاء ٢٠١٣، ص٢٤-ص٢٨.

٦ - وكالة الانباء والمعلومات الفلسطينية وفا، معاهدة سان ريمو (ملخص الاتفاقية) ٢٠٢١/٣/١٠
https://info.wafa.ps/ar_page.aspx?id=5113

٣ – فەڵەستین و ڕۆژئاوای ئوردەن خرایە ژێر فەرمانڕەوایەتی بەریتانیا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پابەندبن بە بەڵێننامەی بەلفۆر (١٩١٧)[٧].

دواتر کۆمەڵەی گەلانیش سوریای وەک ناوچەی ژێر ئینتدابی فەڕەنسا ڕاگەیاند، پاش کۆنگرەکە فەڕەنسا لە بیانو دەگەڕا بۆ ئەوەی سوپاکەی بباتە ناوخۆی سوریا و کۆتایی بە شانشینی میر فەیسەڵ بهێنێت، کە لەلایەن نەیارەکانی فەڕەنساوە بەڕێوەدەبرا، بۆیە دوای کەمتر لە چوار مانگ و پاش لەکارلادانی سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا و هاتنە سەرکاری حکومەتی نوێ، میر فەیسەل تۆمەتبارکرا بە پێشێلکردن و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی نێوانیان، هەروەها یەکێک لەو کارانەی کە بیانوی گەوەریدا بە فەڕەنسا، ڕێگرییەکەی وەزیری جەنگی سوریا بوو لە بەکارهێنانی هێلی ئاسنی ڕیاق – حەلەب، کە لەلایەن فەڕەنساوە بەکاردەهێندرا بۆ گواستنەوەی پێداویستییە سەربازییەکانی جەنگ دژی هێزە چەکدارییەکەی 'مستەفا کەمال ئەتاتورک' کە خۆی بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی دادەنا و دژی سوپای فەڕەنسا شەڕی دەکرد، بۆیە حکومەتی نوێی فەڕەنسا لە ڕێگەی 'جەنەڕاڵ هێنری گورو Henri Gouraud' نوێنەری سامی فەڕەنسا لە سوریا و لوبنان، کە ئەو کات بارەگاکەی لە بەیروت بوو، بە فەرمی ڕێککەوتنەکەی نێوانیانی هەڵوەشاندەوە و ئاگادارنامەیەکی بۆ میر فەیسەڵ نارد کە داواشی کردبوو لە ماوەی ٤٨

---

[٧]- وکالة الانباء والمعلومات الفلسطينية وفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٠٢١/٣/١٠.

کاتژمێر وەڵام بدرێتەوە، ئەگەر نا هێرش دەکاتە سەر شانشینی سوری عەرەبی ، ئەمەش بە "ئاگادارنامەی گورو" بەناوبانگە [٨].

گرنگترین خاڵەکانی ئەمانەی خوارەوە بوون:

١ – قبوڵکردنی ئینتدابی فەرەنسا لە ناوچەکە.

٢ – مامەڵەکردن بەو دراوە کاخەزەی کە بانکی بەیروت و دیمەشق لە پاریس دەریدەکات.

٣ – ڕەزامەندی لەسەر سەرپەرشتیکردنی سوپای فەڕەنسا لە وێستگەکانی هێڵی ئاسنی ڕیاق و حەمس و حەما و حەلەب.

٤ – هەڵوەشانەوەی سوپای شانشینی سوریا و ڕاگرتنی بە سەربازیکردنی زۆرەملێ.

٥ – سزادانی ئەوانەی هەوڵی دوژمنکارانە بەرامبەر بە سوپای فەڕەنسا دەدەن[٩].

بەڵام میر فەیسەڵ وەڵامی جەنەڕاڵ گوروی نەدایەوە، هەر بۆیە لە ١٨ی تەمووزی ١٩٢٠ داوای لە میر فەیسڵ کرد واز لە شانشینەکەی بهێنێت و لە سوریا بچێتە دەرەوە، لە کاردانەوەیدا میر فەیسەڵ'یش هێزێکی سەربازی کە لە ٣٠٠٠ سەرباز پێکهاتبوون و چەکی بەریتانیان پێبوو، بە سەرکردایەتی 'یوسف عەزمە'ی وەزیری جەنگی شانشینەکەی ئامادەکرد، پاشان فەڕەنسا لە ٢٤ی تەمووز

[٨] - یوسف الحکیم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠.
[٩] - محمد هواش، تکون جمهورية سورية والانتداب، منشورات السائح، لبنان، الطبعة الأولى ٢٠٠٥، ص٤٥.

بڕیاری ناردنی سوپایدا و لە ٢٥ی تەموزی ١٩٢٠ بە ڕێگەیەکی دژوار و پڕ لە کێشمەکێشمی شەڕ، سوپای فەڕەنسا بە سەرکردایەتی 'جەنەڕاڵ گوابیە' چوونە ناو سوریا و لە جەنگی میسلۆن-دا شکستیان بە سوپاکەی میر فەیسەڵ هێنا، کە لەم جەنگەدا یوسف عەزمە وەزیری جەنگی شانشینی عەرەبی سوری کوژرا، لە کۆتاییدا سوپای فەڕەنسا چوونە ناو دیمەشق و و کۆتاییان هێنا بە چارەنووسی فەرمانڕەوایەتی فەیسەڵ بن حوسێن و بۆ هەتایە لە سوریا دورخرایەوە، لەمە بەدوا سوریا بە تەواوەتی کەوتە ژێر ئینتدابی فەڕەنسا.

ئیتر لێرەوە قۆناغی پەیوەندی سیاسی ڕاستەوخۆ و فەرمی لە نێوان فەڕەنسا وەک سەرپەرشتیکار و سوریاش وەک سەرپەرشتیکراو دەستپێدەکات، ئەم پەیوەندییەش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی نوێی سوریا دەبێت، چونکە سوریا تەواوی دامودەزگاکانی دەکەونە ژێر کۆنترۆڵ و فەرمانڕەوایی سوپای سامی فەڕەنسا[١٠].

فەڕەنسا لەم ماوەیەدا، ئامانجی داگیرکردنی تەواوی سوریا و لوبنان بوو، چونکە بۆ فەڕەنسا ناوچەیەکی ستراتیژی بوو، لەبەر ئەوەی هاوبەشەکەی کە هەم نەیاریشی بوو (بەریتانیا) لەولاوە لە کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست لە فەڵستین بوو، بۆیە گرنگ بوو فەڕەنساش لایەکی تری ئەم کەناراوە

---

[١٠] - ابو خلدون ساطع الحصري، يوم ميسلون، دار الاتحاد، بيروت، طبع الاول ١٩٤٥، ص٧٤.

داگیر بکات، لەبەر ئەوەی لە دەریای ناوەڕاستەوە ئەو پێداویستیانەی کە پێویستی بوو بە ئاسانی لە ڕێگەی ئاوییەوە دەیگواستنەوە، بۆیە سوریا بۆ فەڕەنسا ناوچەیەکی هەرە گرنگ بوو، هەموو هەوڵێکی دەدا کە بتوانێت لەگەڵ گەلی سوریا ڕێکبکەوێت بۆ ئەوەی بێ کێشە بمێنێتەوە، بەڵام لە سەرەتاوە توشی تەنگ و چەڵەمەی زۆربوو، بۆیە لەلایەک شەڕی توندڕەوە نەتەوەییەکانی دەکرد، کە هاوپەیمانی 'ئەتاتورک' بوون، لەلایەکی ترەوە خەریکی سڕینەوەی شوێنەوار و لایەنگرانی ڕژێمی شا فەیسەڵ بوو، کە پێشتر شانشینەکەی لەناوبردبوو ، دواتریش بەریتانییەکان لە ١٩٢١ شانشینی عێراقیان درووست کرد و فەیسەڵ بن حوسەینی'یان کرد بە پاشای عێراق.[١١]

[١١] Feisal led the Arab Revolt- ٢٠٢١/٣/١٤
https://www.pbs.org/lawrenceofarabia/players/feisal.html

## باسی دووەم

## سوریا لە سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا

دوای ئەوەی سوریا بە تەواوەتی دەکەوێتە ژێر ئینتیدابی فەڕەنسا، ئیتر ڕۆژگاری پەیوەندییە فەرمییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەست پێدەکات، هەر لە پەیوەندی بە بونیادنانی فەرمانڕەوایەتی نوێ و شێوازی دەستەڵات، تا دەگاتە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ جیهانی دەرەوە.

لە ٢٧ی تەموززی ١٩٢٠ جەنەڕاڵ گورو مەندوبی سامی فەڕەنسا، لە سوریا و لوبنان، بڕیاری حکومی عورفی بەسەر تەواوی سوریادا سەپاند، لە پەراوێزی ئەم بڕیارەشدا پێبژرادنی قەرەبووی جەنگی سەپاند بەسەر هاوڵاتیانی سوریا و سوپای شانشینی پێشووی سوریاياشی لە چەک داماڵی، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی سوری بە بیانوی هاوسۆزبوون لەگەڵ میر فەیسەڵ و سوپاکەی و شەڕکردن دژی فەڕەنسا بەشێکیان لە سێدارەدران و بەشێکیشیان بۆ زیندانەکانی ژێر دەستەڵاتی سوپای فەڕەنسا دوورخرانەوە[١٢].

لە سەرەتادا بەهۆی ئەو ئاڵۆزییە سیاسی و سەرهەڵدانە جەماوەریانەی کە دژی ئینتدابی فەڕەنسا و بڕیارەکانی مەندوبی سامی فەڕەنسی بەرپابووبوون، نەتوانرا حکومەتێکی یەکگرتوو لە سەرتاسەری سوریا دابمەزرێت،

---

[١٢] - ستيفن هامسلي لونغريغ، تاريخ سوريا ولبنان تحت الانتداب الفرنسي، ترجمة وتحقيق: بيار عقل، دار الحقيقة، البيروت، الطبعة الاول ١٩٧٨، ص١٣٤.

هەر بۆیە فەڕەنسا بۆ ئەوەی بتوانێت دەستەڵاتەکانی خۆی بەسەر هەموو سوریادا پیادە بکات، جەنەڕاڵ گوروی مەندوبی سامی خۆی لە سوریا و لوبنان ڕاسپارد بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ دۆخەکە، بۆیە لە ماوەی ساڵێکدا کۆمەڵێک بڕیاری یەک لەدوای یەکیدا، کە کۆی بڕیارەکان بۆ دامەزراندنی چەند دەوڵەتۆکە و هەرێمێکی سەربەخۆ بوو لە سوریا[١٣].

بڕیارەکان بەم شێوەیە بوون:

١. لە ٣١ مانگی ئابی ١٩٢٠ "دەوڵەتی لوبنانی گەورە"ی دامەزراند، کە لە ناوچەکانی بەعلبەگ و دۆڵی بیقاع و حاسبییە و ڕاشییە پێکهاتبوون، پێش ئەم بەروارەش ئەم ناوچانە سەر بە دیمەشق بوون.
٢. لە ٨ی ئەیلولی ١٩٢٠ "دەوڵەتۆکەی حەلەب"ی دامەزراند، کە لە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستەوە دەستیپێدەکرد تا ڕووباری فورات، هەروەها ناوچەکانی دەوروبەری حەلەب و دێرەزوور و حەسەکە (ڕۆژئاوای کوردستانی) لەخۆ دەگرت.
٣. لە ٣ی کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا "دەوڵەتۆکەی دیمەشق"ی دامەزراند، کە شارەکانی حەمس و حەما و ناوچەکانی دەوروبەری دیمەشقی لەخۆ دەگرت.

---

١٣ - وديع بشور، سوريا صنع دولة وولادة أمة، دار اليازجي، دمشق، طبعة الاول ١٩٩٤، ص٢٦

٤. لە ٢٣ی ئابی هەمان ساڵدا "دەوڵەتۆکەی عەلەوییەکان"ی دامەزراند، کە لە ناوچەکانی تەڕتوس و سیقلیبیە و تەلەکلەخ و لازقیە و دەوروبەری پێکهاتبوو.
٥. لەم ماوەیەدا "دەوڵەتۆکەی چیای دروز"ی دامەزراند، کە ناوچەکانی دەوروبەری سوەیدای لەخۆ دەگرت.
٦. دوای ساڵێک لیوای ئەسکەندەرون مافی خۆبەڕێوەبەریەتی کارگێڕیّ و دارایی وەک هەرێمێکی سەربەخۆ وەرگرت، کە پێشتربەپێی بڕیاری ٨ی ئەیلولی ١٩٢٠ی جەنەڕاڵ گورو، خرایە سەر "دەوڵەتۆکەی حەلەب". بڕوانە نەخشەی (١):

نەخشەی (١)

نەخشەی دەوڵەتۆکەکانی سوریا لە ١٩٢٢ سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا




سەرچاوە١: https://bit.ly/3GHbW1Q

هەر یەکێک لەم دەوڵەتۆکانە حکومەتی سەربەخۆ و ئاڵای تایبەتی خۆیان هەبوو، کە هەموویان ڕاستەوخۆ لە ژێرئیرادەی ئینتدابی فەڕەنسادا بوون[١٤].

ئەم دابەشکارییە هێندەی تر گەلانی سوریای لە هێزەکانی سوپای فەڕەنسا توڕەکرد، بە تایبەت ئەو هێزانەی کە بە هێزی نەتەوەیی ڕاستڕەو دەناسران و بەردەوام لە شەڕدا بوون لەگەڵ سوپای فەڕەنسا، دوای سەرهەڵدانی چەندین ڕاپەڕینی جەماوەری دژی ئەو بڕیارانەی مەندوبی سامی، کە بوونە هۆی دابەشکاری خاکەکەیان، بە ناچاری لە ژێر ئەو فشارەی گەلانی سوریادا، جەنەڕاڵ گورو لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٢ بڕیاریدا بە دامەزراندنی "یەکێتی سوریا" کە لە سێ دەوڵەتۆکە (دیمەشق و حەلەب و ناوچەی سەربەخۆی عەلەوییەکان) پێکهاتبوو، هاوکات لەگەڵ ئەم بڕیارەدا، ناوچەی سەربەخۆی چیای دروز-ی وەک دەوڵەتۆکەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ئەم یەکێتییە دامەزراند، بەڵام ئەم هەنگاوەش سورییەکانی سارد نەکردەوە لە سەرهەڵدانەکانیان دژی ئینتدابی فەڕەنسا[١٥].

دواتر حکومەتی فەڕەنسا بۆ لەباربردنی سەرهەڵدانەکانی گەلانی سوریا، لە ١٩ی ئەپریلی ١٩٢٣جەنەڕاڵ گورۆی وەک مەندوبی سامی فەڕەنسا دوورخستەوە، چونکە ئەو سەرپەرشتیارە فەڕەنسییە لەناو سورییەکان بەوە ناسرابوو

---

١٤ - وديع بشور، سوريا صنع دولة وولادة أمة، دار اليازجي، دمشق، طبعة الاول ١٩٩٤، ص٢٦.

١٥ - عصام كمال خليفة، أبحاث في تاريخ لبنان المعاصر، دار الجيل، بيروت، طبع الاول ١٩٨٥، ص١٢٩.

کە کەسێکی توندە و بە قورسی ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکانی خەڵکی وڵاتەکە دەبێتەوە، هەر بۆیە بە مەبەستی کەمکردنەوەی شێوازی سەربازی لە سەرپەرشتیکردنی سوریا، لە شوێنی ئەو، جەنەڕاڵ مەکسیم ویگان Maxime Weygand ی دانا، کە لە یەکەمین بڕیاریدا داوای کرد هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەران، کە نوێنەرایەتی تەواوی دەوڵەتۆکەکانی یەکێتی سوریا بکات، بەڵام لە یەکێک لە خاڵەکانی ئەو بڕیارەدا هاتبوو "هەموو ئەو گفتوگۆیانەی کە دەبنە بڕیاری ئەم ئەنجومەنە، دەکرێت هەڵبوەشێندرێتەوە لەلایەن مەندوبی سامی"[١٦].

<u>لە سەردەمی جەنەڕاڵ ویگان مەندوبی سامی فەڕەنسا دوو بوەیری گرنگ ڕوویاندا، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ سوریا گرنگ بوون:</u>

١. <u>لەسەر ئاستی ناوخۆ</u>: بەهۆی زیادبوونی نارەزایەتییەکان و دژایەتیکردنی بڕیاری درووستکردنی سێ دەوڵەتۆکە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٤ دەوڵەتۆکەکانی "یەکێتی سوریا" ، بە بڕیارێک لەلایەن جەنەڕاڵ ویگان هەڵوەشێندرایەوە و دیمەشق و

[١٦] - عمار خالد رمضان الربيعي، الانقسام الوطني اللبناني في عهد الانتداب الفرنسي ( ١٩٤٣ - ١٩٢٠)، جامعة البصرة، كلية التربية للبنات، القسم التاريخ، مجلة دراسات تاريخية، 2014، ٢٠٩-٢٧٢، – ص٢٢٥.

حەلەب لە چوارچێوەی دەوڵەتێک بە ناوی "دەوڵەتی سوریا" یەکخرانەوە، بەڵام "دەولەتۆکەی عەلەوییەکان" بە سەربەخۆیی مایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەی ئەسکەندەروونیش لە چوارچێوەی یەکەیەکی کارگێڕی، سەربەخۆیی پێدرا.

٢. لەسەر ئاستی دەرەوە :دەستکرا بە جێبەجێکردنی پەیماننامەی لۆزان، کە لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا لە تەموزی ١٩٢٣ ئیمزاکرابوو، کە بەشێکی پەیوەندیدار بوو بە سوریا و تەواوکراوی ڕێککەوتننامەی ئەنقەرە بوو کە ١٩٢١ لەنێوان فەڕەنسا و تورکیا لەسەر دەستنیشانکردنی هێڵی سنووری نێوان سوریا و تورکیا ئیمزاکرابوو، کە تێیدا فەڕەنسا سازشی کرد لەسەر بەشێک لە خاکی سوریا بۆ تورکیا لە ناوچەی کیلیکیا[١٧].

ئەم سیاسەتانەی جەنەڕاڵ ویگان خەڵکی سوریای تورەتر کرد و لە چەند شوێنێکی جیایادا سەرهەڵدان دژی سوپای ئینتدابی فەڕەنسی دەستیپێکرد، کە دواتر لە ژێر فشار و کاریگەری سەرهەڵدانەکان، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٤ حکومەتی فەڕەنسا جەنەڕاڵ ویگان-ی لە پۆستی مەندوبی سامی دوورخستەوە و جەنەڕاڵ مۆریس 'سارای Maurice Sarrail'ی لە شوێنەکەی دانا، هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەیدا، جەنەڕاڵ سارای بۆ ئەوەی

---

[١٧] - جورج جبور، سورية ١٩١٨ – ١٩٦٨: ثبت بأهم الأحداث السياسية التي عرفتها سورية، مكتبة الابجدية، ديمشق، طبع الاول ١٩٩٣، ص٣٦.

نیازپاکی خۆی بۆ سورییەکان دەربڕێ و سەرهەڵدانەکان دابمرکێنێتەوە، لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٢٥ بڕیاریدا بە هەڵوەشانەوەی حکومی عورفی لە سوریا (کە لە ١٩٢٠دا لەگەڵ هاتنی هێزەکانی سوپای فەرەنسا بۆ سوریا و داگیرکردنی خاکەکەی، بڕیاری لەبارەوە درابوو) و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەر سەرکردەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی لەگەڵی دابنیشێت، بۆ ئەوەی سوریا لەم دۆخە ناهەموارە تێپەڕێنن[١٨].

دوو ڕۆژ دواتر و لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٢٠ بەشێک لە سەرکردە ناڕازییەکانی سوریا لیستێکی ١٣ خاڵیان ئامادەکرد، کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک داواکاری نیشتمانی بۆ چارەسەری دۆخی سوریا، پێشکەشی جەنەڕاڵ سارای مەندوبی سامی فەرەنسی'یان کرد.

**<u>گرنگترین خاڵەکانی لیستی داواکارییەکە:</u>**

١. سنووری جوگرافی سوریا بگەڕێتەوە بۆ پێش ١٩٢٠ و هاتنی سوپای فەرەنسا بۆ سوریا، کە هەر یەک لە ناوچەی عەلەوییەکان و چیای دروز و لیوای ئەسکەندەرون و ئەو ناوچانەی کە لکێندراون بە لوبنان بخرێنەوە سەر سوریا.

٢. داوا بکەن لە ئەنجومەنی دامەزراندن کە هەڵبستێت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی لە وڵاتدا، هەروەها هەڵبستن بە

---

[١٨] - د.محمد أنيس ، الشرق العربي في التاريخ الحديث والمعاصر، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٧ ، ص ٨.

هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردن، کە نوێنەرایەتی گەلی سوریا ناکەن، لەگەڵیشیدا ئەو یاسایانە هەڵبوەشێننەوە کە بەدەرکردن (استثناء) دەکەن و بە بڕیاری تاکەکەسی دەدرێن.

٣. کار بکرێت بەو ڕێساییەی کە حکومەت بەرپرسیار دەکات بەرامبەر بە پەرلەمان، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی فەرمانڕەوایەتی سەربازی و خۆتێهەڵنەقورتاندنی راوێژکارە فەڕەنسییەکان لە کاروبارەکانی حکومەتی نیشتمانی.

پاشان جەنەڕاڵ سارای بە ناڕاستەوخۆ بەشێک لە داواکارییەکانی ڕەتکردەوە، چونکە بەشێک لە خاڵەکان دژی بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا بوون لە سوریا، لە بەرامبەردا بەشێک لە داواکانی ئەم لیستەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر لە بڕیاری دەرکردنی ڕەگەزنامەی سوری تا دەگات بە نەرمینوادن بەرامبەر سەرهەڵدانەکان، بەڵام ئەم کارانە نەیانتوانی جێگرەوەیەکی باوەڕپێکراو بدەن بە گەلی سوریا بۆ سەربەخۆیی[١٩].

بۆیە لە مانگی تەمووزی ١٩٢٥ شۆڕشێک لە ناوچەی چیای عەرەب، بە سەرکردایەتی (سوڵتان پاشا ئەترەش) دەستیپێکرد، کە بە "شۆڕشی گەورەی سوریا" بەناودەنگە، لە ماوەیەکی کەمدا پڕیشکی ئەم شۆڕشە، زۆربەی ناوچەکانی سوریای گرتەوە، لە بەرامبەردا هێزەکانی سوپای فەڕەنسا

[19] - Hourani: Syria and Lebanon. The problem of westernization. Apolitical Essay. P.172..

بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی ئەم شۆڕشە بوونەوە، بە جۆرێک جەنەڕاڵ سارای بۆ ئەوەی کۆتایی بەم شۆڕشە بهێنێت فەرمانی کرد بە هێزی ئاسمانی وڵاتەکەی لە سوریا، بۆ ئەوەی ڕووبەڕوویان ببنەوە، بۆیە لە ئەنجامدا هەردوو شاری دیمەشق و حەما بۆردومان کران، ئەم شۆڕشە تا ساڵی ١٩٢٧ درێژەی کێشا و بەردەوام بوو[٢٠].

لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم شۆڕشەدا، ئەوە بوو لە ناوەڕاستەکانی ١٩٢٨ فەڕەنسا ناچاربوو ڕازی بێت لەگەڵ سەرکردە نیشتمانییەکان بکەوێتە دانوستانەوە، لە دوای دانوستانەکان جەنەڕاڵ 'هێنری بۆنسۆ 'Henri Ponsot' مەندوبی نوێی سامی فەڕەنسا ڕایگەیاند، کە پێویستە ڕێوشوێنەکان بگیرێنەبەر بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن بۆ داڕشتنی دەستوورێک لە سوریا[٢١]، لە مانگی ئەپریلی هەمان ساڵدا هەڵبژاردن ئەنجامدرا و پارتی نیشتمانی بووە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە ، دواتر ئەم ئەنجومەنە لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی 'فەوزی غەزی' پێکهێنا، لیژنەکەش دەستوورێکیان ئامادەکرد کە لە ١١٥ مادە پێکهاتبوو.

---

٢٠ - عطا محمد صالح وفوزي أحمد تيم، النظم السياسية العربية المعاصرة، جامعة قاريونس، بنغازي، ١٩٨٨، ص٢٢١.

٢١ - ذوقان قرقوط ، المشرق العربي في مواجهة الاستعمار، قراءة في تاريخ سوريا المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٧، ص٣٤٢ – ٣٥٥.

**گرنگترین مادە پەیوەندیدارەکان بە سیستمی سیاسی لە وڵات ئەمانە بوون:**

١. سیستمی سیاسی لە سوریا کۆماری – پەرلەمانییە.
٢. ئەنجومەنی یاسادانان تەنها لە یەک ئەنجومەن پێک دێت.
٣. دەستەلاتی جێبەجێکردن لەلایەن سەرۆک کۆمار و بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران پیادە دەکرێن و هەروەها دەستەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسیارە بەرامبەر بە پەرلەمان.

بەهۆی ئەوەی ئەم دەستوورە سەربەخۆیی تەواوی سوریای چەسپاند و ڕۆڵی ئینتدابی فەڕەنسای لاواز کرد، جەنەڕاڵ بۆنسۆ داوای کرد کۆمەڵێک مادده و بڕگە، کە بەرژەوەندییە باڵاکانی فەڕەنسا لە سوریا دەخاتە ژێر مەترسییەوە لاببرێن، بەڵام 'پارتی نیشتمانی' کە زۆرینەی ئەنجومەنی دامەزراندنیان پێکدەهێنا، ڕەتیان کردەوە هیچ ماددەیەک دەستکاری بکرێت، هەروەها ڕاشیانگەیاند "ئەم سیاسەتەی ئینتدابی فەڕەنسا فێڵبازانەیە و دەیانەوێت ئەوان لە ڕێڕەوە نیشتمانییە بنچینەییەکانی خۆیان دوورخەنەوە" [٢٢].

ئەم کێشمەکێشمەی نێوان ئەنجومەنی دامەزراندن و ئینتدابی فەڕەنسا درێژەی کێشا، سەرئەنجام جەنەڕاڵ بۆنسۆ مەندوبی سامی فەڕەنسا لە سوریا، فەرمانی کرد کە ئەنجومەنی دامەزراندن بۆ ماوەی سێ مانگ کارەکانی ڕابگرێت و سڕ بکرێت، دواتر لە ئایاری ١٩٣٠ تاک لایەنانە ماددەیەکی بۆ دەستوورەکە زیاد کرد، بەمەش هێزی ئەو

[٢٢] - د.محمد أنيس، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢١.

ماددانەی لاواز دەکرد، کە ڕۆڵی ئینتدابی فەڕەنسا لە سوریا کەم دەکاتەوە، ئەم دەستێوەردانەی جەنەڕاڵ بۆنسۆ لە کاروباری ئەنجومەنی دامەزراندن، بووە هۆکاری نارەزایەتی و سەرهەڵدان لە تەواوی سوریادا، کە دواتر سەرکردە نارازییەکانی ناوچە جیاوازەکانی سوریا کۆبوونەوە و پەیامێکیان ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد، لە پەیامەکەدا داوایان کرد کۆمەڵەی گەلان هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بە دەستێوەردانەکانی ئینتدابی فەڕەنسا لە سوریا، ئەم قۆناغەش دەکرێ وەک قۆناغی یەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی هێزەکانی سوریا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوە سەیر بکرێت، چونکە یەکەمین جار بوو کە تەواوی هێزەکانی سوریا لە بەرەیەکدا هەڵوێست وەرگرن دژی ئینتدابی فەڕەنسا[٢٣].

لە ژێر فشاری نارەزایەتییەکان، جەنەڕاڵ بۆنسۆ کۆمەڵێک بەڵێنی بە هێزە نیشتمانییەکاندا و لە یەکەم بڕیاریدا، لە نیوەی دووەمی ١٩٣١ داوای کرد ئامادەکاری بکرێت بۆ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران، بۆیە لە سەرەتاکانی ١٩٣٢ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامدرا و ئەنجومەنی نوێنەران لە یەکەم کۆبونەوەی خۆیدا، بە زۆرینەی دەنگ "محەمەد عابد"ی سەرکردەی نیشتمانی سوریای وەک یەکەم سەرکۆمار دەستنیشانکرد، بەڵام هەرزوو دوای دامرکانەوەی نارەزایەتییەکان، جەنەڕاڵ بۆنسۆ لە بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە، دواتریش بۆ شاردنەوەی بەڵێن شکاندنەکانیشی، کۆماری فەڕەنسا جەنەڕاڵ بۆنسۆی وەک مەندوبی سامی

---

[٢٣] - نجيب الأرمنازي، سورية من الاحتلال حتى الجلاء، دار الكتاب الجديد، بيروت، طبع الثانية ١٩٧٣، ص٨٣.

خۆی لە سوریا دوورخستەوە، لە شوێنی ئەو جەنەراڵ 'دامین دۆمارتێڵ Damien de Martel'ی وەک مەندووبی سامی خۆی دەستنیشان کرد، لە ساڵی ١٩٣٣ جەنەڕاڵ دۆمارتێڵ لە دوو توێی یاداشتنامەیەکدا چەند داوایەکی ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی سوریا کرد، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران ئەو داواکاریانەی جەنەڕاڵ دۆمارتێلیان ڕەتکردەوە، چونکە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان بە مەترسی دەزانی بۆ سەر دەستکەوتەکانی بزاڤی نیشتمانی سوریا[٢٤].

لەم قۆناغەدا دانوستانەکانی نێوان بزاڤی نیشتمانی سوری و ئینتدابی فەڕەنسا تا ساڵی ١٩٣٦ درێژەی کێشا، سەرئەنجام جەنەڕاڵ دۆمارتێل لەگەڵ بزاڤی نیشتمانی کەوتە گفتوگۆوە و پێشنیاری چوونی شاندێکی کرد بۆ پاریس، بۆ ئەوەی لەگەڵ فەڕەنسا بگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر سەربەخۆیی و یەکپارچەیی سوریا، دوای هەڵسەنگاندنی ئەم پێشنیارە لەلایەن بزاڤی نیشتمانی سوریا، شاندێکی شەش کەسی بە سەرۆکایەتی 'هاشم ئەتاسی' لە مانگی فێبروەری ١٩٣٦ بەرەو پاریس کەوتنەڕێ، دواتر لەگەڵ پاریس بۆ ماوەی شەش مانگ گفتوگۆیان کرد بۆ داڕشتنی ڕێککەوتننامەیەک، لە ئەنجامیشدا لە مانگی سیپتەمبەری هەمان ساڵدا ڕێککەوتننامەیەکی ٢٥ساڵیان ئیمزا کرد، کە لە ڕێککەوتنەکەدا داننرا بە سەربەخۆیی سوریا و هەر یەک لە ناوچەی

---

[٢٤] - د.محمد أنيس، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢٢.

عەلەوییەکان و چیای دروزیشیان وەک بەشێک لە خاکی سوریا ناساند[٢٥].

بەڵام لە بری ئەوەی فەڕەنسا بکەوێتە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە، کەچی پەیماننامەیەکی لە جنێف لەگەڵ تورکیا لە ١٩٣٨ ئیمزاکرد، کە تێیدا لیوای ئەسکەندەرونی دابڕی لە دەوڵەتی سوریا، کە دواتر تورکیا بە چاوپۆشی فەڕەنسا داگیری کرد (لە ئێستادا پێی دەڵێن پارێزگای هاتای و لە ئێستادا ٣١ەمین پارێزگای تورکیایە)، لە سەرەتاکانی ١٩٣٩ فەڕەنسا جەنەڕاڵ 'گابرێل بویۆ 'Gabriel Puaux وەک مەندوبی سامی لە سوریا دەستنیشان کرد، کە لە دەستپێکی کارەکانیدا، سوریای گەڕاندەوە بۆ سەردەمی پێش ڕێککەوتننامەی فەڕەنسا-سوریا، لە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی فەڕەنسا لە سوریا، وەک هەڵوێستێک سەرکۆمار و حکومەتی سوریا دەستیان لەکارکێشایەوە، دواتر جەنەڕاڵ بویۆ مەندوبی سامی 'بەهیج خەتیب'ی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت کە ناوی لێنا "حکومەتی بەڕیوەبردن"، یەکێک لە کارەکانی تری ئەوە بوو، کە دیسانەوە ناوچەی عەلەوییەکان و چیای دروزی لە سوریا دابڕی، هەر لەو کاتەدا جەنگی دووەمی جیهانی گەیشتە ناوەڕاستی ئەوروپاوە[٢٦].

---

٢٥ - ذوقان قرقوط، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٢٨-٤٣٤.

٢٦ - ستيفن هامسلي لونغريـغ، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢١.

لە سەرەتاکانی ١٩٤١ فەڕەنسا لەلایەن سوپای ئەڵمانیای نازییەوە داگیرکرا و حکومەتێکی پڕۆنازی لەوێ دامەزراند، بەڵام لە بەرامبەر ئەو کارەی نازییەکان، جەنەڕاڵ شارل دیگۆڵ حکومەتێکی لە بەریتانیا بە ناوی "حکومەتی فەڕەنسای ئازاد" دامەزراند، کە لەوێوە سیاسەتەکانی حکومەتی فەڕەنسای لە سوریا ئاراستە دەکرد، لەو کاتەدا کە جەنەڕاڵ 'هێنری دێنتس Henri Dentz' مەندووبی سامی حکومەتی پڕ ئەڵمانی فەڕەنسا بوو، دوای کەمتر لە ساڵێک گۆڕدرا و لە شوێنی ئەو جەنەڕاڵ 'جۆرج کاترو Georges Catroux' دانرا، کە پەیامی جەنەڕاڵ دیگۆڵی پێ بوو بۆ سەربەخۆیی سوریا، کە دواتریش ڕایگەیاند فەڕەنسا لەگەڵ سەربەخۆیی سەروەری سوریادایە[٢٧].

جەنەڕاڵ کاترو لەو ماوەیەدا 'تاجەدین حوسەین'ی وەک سەرکۆماری سوریا دامەزراند، بەڵام هیچ دەستەڵاتێکی دەستووری پێ نەدا و لە ڕووی کردارەکیشەوە هیچ نیەتێکی نیشان نەدا بۆ گێڕانەوەی ژیانی دەستووری لە کۆماری سوریا، بۆیە دیسانەوە نارەزایەتی گەلانی سوریای لێکەوتەوە و لە هەموو شارەکانی سوریادا خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی "کۆمسیۆنی فەڕەنسا بۆ ئازادی نیشتمانی" شوێنی حکومەتی فەڕەنسای ئازادی گرتەوە و بۆ وەلامدانەوەی نارەزایەتییەکان جەنەڕاڵ کاترۆ

[٢٧] - وليد المعلم، سوريا ١٩١٨- ١٩٥٨ (التحدي والمواجهة)، شركة بابل للنشر، دمشق، طبع الأول ١٩٨٥، ص٢٢.

لەسەر راسپاردەی جەنەڕاڵ دیگۆڵ، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادی کرد، کە لە ٢٣ی یانایەری ١٩٤٣ هەڵبژاردن ئەنجامدرا و بزاڤی نیشتمانی سوریا براوەی هەڵبژاردنەکە بوون، بۆ پێکهێنانی حکومەتیش، بزاڤی نیشتمانی هەریەک لە 'شوکری قەوتەل'ی وەک سەرکۆمار و 'سەعد جابر'یش وەک سەرۆک وەزیران لە بزاڤەکە هەڵبژێردران[٢٨].

لەم ماوەیەدا دەستەڵاتی فەڕەنسا دەیەویست، لە ڕێگەی هەژموونی خۆی بەسەر حکومەتەوە بۆ هەتاهەتایە مافی سەرپەرشتیکردن بەسەر سوریادا بسەپێنێت، بەڵام لەلایەن گەلی سوریا و ئەنجومەنی نوێنەرانەکەی ئەم هەوڵە ڕەتکرایەوە و دواتر دژی وەستانەوە، بۆیە سوپای فەڕەنسا هێرشی سەربازی کردە سەر دیمەشق و لە ڕێگەی تۆپ و فڕۆکەوە بۆردومانی کرد، کە لەم هێرشەدا باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەرایش کرایە ئامانج، دوابەدوای ئەم ڕووداوانە، جەنەڕاڵ کاترو لەگەڵ حکومەتی سوریا چوونە دانوستانەوە و لە ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٤٣ ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەو دەستەڵاتانەی، کە پێشتر بە ناوی دەستەڵاتی فەڕەنساوە پیادە دەکران، بگوازرێتەوە بۆ حکومەتی نیشتمانی سوریا، یەکەم خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنەش لە مانگی یانایری ١٩٤٤ جێبەجێکران[٢٩].

---

[٢٨] - د.محمد أنيس، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢٣.

[٢٩] - وزارة الدفاع في جمهورية العربية السورية، المعاهدة الفرنسية - سورية (١٩٣٦ – ١٩٤١)، ٢٠٢١/٣/١١

http://www.mod.gov.sy/index.php?node=554&cat=1169

لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٤ جەنەڕاڵ کاترو و ڕێپێدراوی دەوڵەت بۆ کاروباری دانوستاندن، ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو، حکومەتی فەڕەنسا پابەند دەبێت بە ڕادەستکردنی ئیدارەی هاوبەشی بەرژەوەندییەکان تەنها بە حکومەتی سوریا، دواتریش لە سەرەتای مانگی تەموزی هەمان ساڵدا، وەزارەتی دەرەوەی سوریا بە وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ڕاگەیاند کە لەگەڵ فەڕەنسا ڕێککەوتوون  و فەڕەنسا ڕەزامەندی داوە لەسەر سەربەخۆیی تەواوەتی سوریا، دوای ئەم ڕاگەیاندراوە هەر یەک لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی حکومەتی سوریا کرد بە بۆنەی سەربەخۆیی تەواوەتی سوریا.

بەهۆی هەوڵەکانی فەڕەنسا بۆ دیسانەوە لە قاڵبدانەوەی سەروەری وڵاتەکەی، حکومەتی سوریا ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی لە بەرامبەر ئەو هەوڵانە، بەڵام فەڕەنسا بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی سوریا نزیکەی ١٥٠٠ سەربازی بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ بێنییە وەک شوێنگرەوەی سەربازەکانی تری ناردە سوریا، کە دواتر جەنەڕاڵ بێنیە سەردانی کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری سوریای کرد و مەرجەکانی فەڕەنسای پێڕاگەیاندن، کە تێیدا هاتبوو، پێویستە سوریا ڕێگە بدات بە هێزی ئاسمانی فەڕەنسا، لەگەڵ ئەوەشدا بنکە ئاسمانییەکان و بەرژەوەندییە ئابووری و کلتورییەکانیشی بپارێزێت، بەڵام حکومەتی سوریا ئەم مەرج و داواکارییانەی ڕەت کردەوە و داوای کرد دەست بەجێ سوپای فەڕەنسا لە سوریا بچێتە دەرەوە، بەڵام فەڕەنسا

پێداگری کرد لەسەر مانەوە و لە هەندێ شوێنیش بە فڕۆکەی سەربازی بۆردومانی هێزەکانی سوریایان کرد، سەرئەنجام بەهۆی ئەم شەڕانەوە سەدان کەس کوژران و هەزاران کەسی تریش بریندار بوون[٣٠].

سوریا بە هاوبەشی لەگەڵ لوبنان ئەم کەیسەیان بردە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و داوایان کرد کە هەرچی زووە، پێویستە سوپای فەڕەنسا و بەریتانیا لە خاکەکەمان بچنە دەرەوە، دواتر ئەم ئەنجومەنە کۆبونەوەیەکی لەسەر دۆخی سوریا گرێدا و هەر یەک لە ئەمریکا و سۆڤیەت و چین، پشتگیری ئەم داوایەیان کرد و بڕیاریاندا کە دەبێ هەرچی زووە، سوپای فەڕەنسا لە سوریا بچێتە دەرەوە، بەم شێوەیە خەونی سورییەکان بۆ سەربەخۆیی هاتەدی و لە ڕۆژی ١٧ی ئەپریلی ١٩٤٧ سوپای فەڕەنسا بە تەواوی سوریای جێهێشت و ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێکی مێژوویی نیشتمانی لە هزری سورییەکاندا مایەوە و لە مانگی ئایاری هەمان ساڵیشدا فەڕەنسا بە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕایگەیاند کە هیچ سەربازێکیان لە خاکی سوریادا نەماو، ئەم ڕۆژە لەلایەن سورییەکانەوە بە ڕۆژی چۆڵکردن 'یوم الجلاء' دەناسرێت[٣١].

---

[30] - Arslan, Emir Chekib. 1924. “Syrian Opposition to French Rule.”P-239-247.

[٣١] - شاكر الدبس ، الدول العربية في الأمم المتحدة، دار النشر العربي، دمشق، طبع الأولى ٢٠١٥، ص ٩٠.

فەڕەنسا دوای ئەوەی کە سوریای خستە ژێر ئینتدابی خۆیەوە، نەیتوانی تەنانەت ڕۆژێک بە ئاشتی حکوم بکات، چونکە هەم بەرەی نەتەوەییە توندڕەوەکان هەمیشە شەڕیان دژی سوپای فەڕەنسا دەکرد، هەمیش لەلایەکی ترەوە نەیدەتوانی دەستەڵاتێکی گشتگیر و سەرتاسەری لە سوریا درووست بکات، بۆیە بە ناچاری و بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی هەموو سوریا و لوبنان بکات، سوریای دابەشکرد بەسەر چەند دەوڵەتۆکە و هەرێمێک، کە بەم شێوەیە سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بەی جێبەجێکرد، بەڵام هەر نەیتوانی لە بەشی هەرە زۆری سوریا و لوبنان دەستکراوە بێت، چونکە ئەم سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە لە بری ئەوەی بە قازانجی فەڕەنسا بشکێتەوە، کەچی زیاتر سووریەکانی دژی خۆی هاندا، بێگومان سورییەکان لە رووی سیاسییەوە لە فەڕەنسا تێگەیشتبوون، کە بە چی نیازێک ئەم دابەشکارییەی کردووە، بۆیە هەر لە دەستپێکی ئینتدابەوە تا ڕۆژی دەرچوونی دوا سەربازی فەڕەنسا لە سوریا، فەڕەنسییەکان بۆ ڕۆژێکیش بە ئاشتی نەیانتوانی لە سوریا سیاسەتەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

جێگەی باسە مێژوونووسی سوری 'ئەدهەم جوندی' لە کتێبەکەیدا بە ناوی " تاریخ الثورات السورية في عهد الانتداب الفرنسي "دا، باسی لەوە کردووە، کە لە دوای ڕوخانی تەواوەتی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی ویلایەتی سوریا لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیا، یەکەمین هێز بە سەرکردایەتی

"مەحۆ ئیبۆ شەشۆ" کە سەرکردەیەکی سەربازی کورد بوو، ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای فەڕەنسا بووەوە، لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات و چیای کوردان لە سوریا، بەڵام دواتر لە یەکێک لە شەڕەکانی ڕوبەڕوبووەوە لەگەڵ سوپای فەڕەنسا دەکوژرێت[٣٢].

٣٢ - ادهم الجندي، تاريخ الثورات السورية، مطبعة الاتحاد، دمشق، الطبعة الاول ١٩٦٠ ص١٢

# بەشی دووەم
# دەستپێکی بەهاری سوری و سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا
# لە سەردەمی سارکۆزی و هۆلاند و ماکرۆن'دا

دوای سەرهەڵدانی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی و لە کۆتاییەکانی ٢٠١٠دا ،کە ڕاپەڕین و شۆڕش لە دژی دەستەلاتی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی هەڵگیرسا، گەلی سوریاش بەهۆی خراپی بارودۆخی ژیان و خراپی سیستمی سیاسی، زوو کەوتە ژێر کاریگەری ئەم روداوانەوە، تا سەرئەنجام سوریا بووە دوا وێستگە و پڕ کێشمەکێشمترین وڵات لە ماوەی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبیدا.

لەگەڵ دەستپێکی نارەزایەتییەکانی سوریا لە سەرەتای ٢٠١١دا ،کە تێیدا ڕژێمی سوریا بە مەبەستی کۆتاپێهێنانی نارەزایەتییەکان، پەنای بردە بەر بەکارهێنانی هێزی ئەمنی و سەربازی، لە ئەنجامدا کوشتارێکی گەورەی لێکەوتەوە، کە دواجار چەندین گروپ و هێزی چەکدار، لە ژێر ناوی جیاجیا لە سوریادا درووست بوون، ئەمەش بووە هۆکارێکی سەرەکی لە سەرهەڵدانی جەنگ لە وڵاتەکەدا، کە دواتر ئەم جەنگە بە ئەندازەیەک درێژەی کێشا، لە مەیدانی جەنگی ناوخۆییەوە گۆڕا بۆ مەیدانی ململانێی زلهێزەکان.

فەڕەنسا سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا بەرامبەر ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە سوریادا سەریانهەڵدابوو هەڵوێستێکی روون و ئاشکرای نەبوو، بەڵام دواتر کە ئاڵۆزییەکان بەرەو قوڵبوونەوە دەچوون، ئیتر فەڕەنسا بێ دەنگی شکاند و هاتە ڕیزی ئەو وڵاتانەی، کە دژی ڕژێمی سوریا هەڵوێستیان وەردەگرت.

لە ماوەی ئاڵۆزی و شەڕی ناوخۆیی سوریادا فەڕەنسا سێ سەرکۆماری گۆڕی، کە نیکۆڵای سارکۆزی و فرانسوا هۆلاند

و ئیمانوێل ماکرۆن بوون، هەر یەکێک لەوانیش بە جیاوازییەکی کەمەوە لە ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی بەرامبەر قەیرانی سوریا هەڵوێستیان وەرگرت، کە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێن بەندی بکەین، سەردەمی سەرۆکایەتی نیکۆلای سارکۆزی کەمترین هەڵویست و بڕیاری تێدا درا بە هۆی کەمی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، بەڵام لە لایەکی ترەوە سەردەمی سەرۆکایەتی فرانسوا هۆلاند پشکی شێری بەرکەوت لە ماوەی شەڕی ناوخۆیی سوریا و گرنگترین بڕیار و هەڵوێستەکانی فەڕەنسای تێدا درا، کە لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەک سەرکۆماری فەڕەنسا تا ئەو کاتەی ماوەکەی تەواو بوو سەرکردایەتی فەڕەنسای دەکرد بۆ چارەسەرکردنی پرسی سوریا و جەنگی دژی تیرۆر لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام سەردەمی ماکرۆن کە کۆتایی قەیرانەکە بوو لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر بە سوریا، جیاوازییەکی ئەوتۆ رووینەدا.

هەموو ئەمانەی سەرەوە لە میانەی دوو باسدا دەخەینەڕوو:

باسی یەکەم/ دەستپێکی بەهاری سوری و سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی سارکۆزی.

باسی دووەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی هۆلاند و ماکرۆن.

# باسی یەکەم
# دەستپێکی بەهاری سوری و سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا
# لە سەردەمی نیکۆلای سارکۆزی

## تەوەری یەکەم/ دەستپێکی بەهاری سوری.

لە ١٧ی دیسەمبەری ٢٠١٠ دا لە شارۆچکەی بن عروس کە شارۆچکەیەکە لە وڵاتی تونس، گەنجێکی کرێکار بە ناوی "محمەد بو عەزیزی" لە کاتی کارکردنیدا، لە یەکێک لە شەقامەکانی ئەم شارۆچەکەیە، وەک ناڕەزایەتییەک بە هۆی خراپی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە وڵاتەکەی، گڕی لە جەستەی خۆی بەردا، کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە تەواوی تونس، لە کانوونی دووەمی ٢٠١١دا خۆپیشاندانەکان هەموو شار و شارۆچکەکانی وڵاتی تونسی گرتەوە، سەرئەنجام "زەین عابدین بن عەلی" سەرکۆماری تونس کورسی دەستەڵاتی جێهێشت و کۆتایی بەڕژێمەکەی هات، سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکانی تونس و کاریگەرییەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی گرتەوە، کە بە ناڕەزایەتی یان ڕوداوەکانی "بەهاری عەرەبی" دەناسرێت، کە دواتر ڕوخان و لەکارلادانی حکومەتی چەند وڵاتێکی عەرەبی بەدوا داهات، دواتر لەژێر ڕۆشنایی ئەم ناڕەزایەتییانەی وڵاتانی عەرەبیدا، گەنجێکی کورد بە ناوی "حەسەن عەلی عەقلە" لە ناوەندی شاری حەسەکەی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سوریا، هاوشێوەی محمەد بو عەزیزی وڵاتی تونس، وەک ناڕەزایەتییەک دژی حکومەتی سوریا گڕی لە جەستەی خۆی بەردا، کە دواتر بۆ پشتیوانی لە داخوازییەکانی "عەقلە" هاوڵاتیانی ئەو شارە بە کۆمەڵێک داواکاری، دەستیان بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی

کرد، پاشان ڕژێمی بەعس هەر زوو بەشێک لە خۆپیشاندەرانی دەستگیرکرد و کۆتایی بە ناڕەزایەتییەکان هێنا[٣٣].

دوای چەند ڕۆژێک و لە دیمەشقی پایتەخت خۆپیشاندانێک ئەنجامدرا بۆ پشتیوانی ڕاپەڕینی گەلی میسر دژی ڕژێمەکەی حوسنی موبارەک، بەڵام هەر زوو لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بڵاوەیان پێکرا، هەر ئەو ڕۆژە میدیاکانی فەڕەنسا بڵاویانکردەوە؛ "پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی دیمەشق بە زەبری هێز بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کردووە"، ئەمە لە کاتێکدا بوو ڕژێمی هەردوو وڵات (سوریا و میسر) ئاستی پەیوەندییەکانیان خراپ بوو، بۆیە دەبوایە هێزە ئەمنییەکانی سووریا ڕێگەیان بە خۆپیشاندانێک بدایە، کە پشتگیری لە ڕاپەڕیوانی میسر بکات دژی ڕژێمەکەی موبارەک، بەڵام هۆکاری ئەمەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ڕژێمی بەشار ئەسەد لەوە دەترسێ خۆپیشاندانەکان لێکەوتەی خراپیان هەبێت و سەر بکێشێ بۆ داواکاری تر.

تا سەرەتاکانی مانگی شوبات ئەم خۆپیشاندانە بچوکانە لە چەند شارێک ئەنجامدران، کە بەشی زۆریان لە سەرەتاوە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە سەرکوت دەکران، هەر بۆیە لە مانگی شوبات فراونتر بوو و حکومەتیش بەهێزتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن[٣٤].

---

33 - Britannica، the discussion of the legacy of the Jasmine Revolution١٠/٤/٢٠٢١
www.britannica.com/event/Jasmine-Revolution

34 - digital journal، A recap of the Syrian crisis to date، PAUL IDDON ١٠/٤/٢٠٢١
digitaljournal.com/article/329590

لە ئازاری ٢٠١١دا کۆمەڵێک خوێندکاری بنەڕەتی لەسەر دیواری خوێندنگەکەیان لە شاری دەرعا درووشمی " الشعب يريد إسقاط النظام"یان دژی حکومەتی سوریا نووسی، کە دروشمی خۆپیشاندانەکانی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی ڕاپەڕیو بوو، بەڵام هەر زوو هێزە ئەمنییەکانی سوریا ئەم خوێندکارە هەرزەکارانەیان دەستگیرکرد و بە توندترین شێوە ئەشکەنجەیاندان.

ئەم کارەی هێزە ئەمنییەکان، تورەیی خەڵکی سوریای لێکەوتەوە، بۆیە وەک کاردانەوەیەک خۆپیشاندانی ئاشتیانە لە چەندین شار و ناوچەی سوریا دەستپێکرد، خۆپیشاندەران لە سەرەتادا داوای چەسپاندنی دیموکراسی و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵیان لە دەستەڵات دەکرد[٣٥]، بەڵام لە دەستپێکدا هێزە ئەمنییەکان ڕاستەوخۆ تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و بە زەبری هێز هەوڵی بڵاوەپێکردنیان دەدان و سەرکوتیان دەکردن، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی، لە ماوەی ڕۆژەکانی سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا، سەدان هاوڵاتی کوژران و بریندار بوون و هەزاران هاوڵاتی و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی خۆپیشاندانەکان لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بێسەروشوێنکران[٣٦] .

---

[٣٥] - بی بی سی عربي، تسلسل الأحداث في سورية منذ بدء الاحتجاجات، ٢٠٢١/٤/١٢
www.bbc.com/arabic/middleeast/2011/04/110427_syria_timeline

[٣٦] - الجزيرة نت، تسلسل زمني لاحتجاجات سوريا، ٢٠٢١/٤/١٨
www.aljazeera.net/news/arabic/٢٠١١/٤/١٥/تسلسل-زمني-لاحتجاجات-سوريا

هاوشانی شارەکانی تری سوریا، ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەستیان کردەوە بە خۆپیشاندان، بەڵام ئەمجارە خۆپیشاندانەکان گەورەتر بوون، لە پاڵ داواکاری ناوچەکانی تر، ئەمجارە ڕۆژئاوای کوردستان داوای فیدراڵیەتی دەکرد. بۆ چارەسەری و دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش، لە ٢٠١١/٣/٣١ بەشار ئەسەد سەر کۆماری سوریا ڕایگەییاند؛ "سێ لیژنەیان پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ناوچە کوردییەکان"، کە ئەمەش یەکەم جار بوو لە مێژووی ڕژێمی بەعس لە سوریا، دانبنرێت بە ناوچە کوردییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

لە مانگی ئەپریلدا حکومەتی سوریا بڕیاریدا بە پێدانی ڕەگەزنامە بە سێ سەد هەزار کورد کە دانیشتووی ناوچە جیاجیاکانی باکووری سوریا "ڕۆژاڤای کوردستان"بوون، لەگەڵ ئەوەشدا تا ناوەڕاستی ٢٠١١ ئاڵۆزییەکان لە سوریادا بەردەوام بوون، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ناوخۆیەکانی سوریا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە ماوەی دەستپێکی خۆپیشاندانەکان تا مانگی ئایاری هەمان ساڵ، هەزاران هاوڵاتی مەدەنی کوژران و دەیان هەزاری تر برینداربوون، هەروەها ژمارەی دەستگیرکراوان بە نزیکەی ٢٠ هەزار هاوڵاتی و چالاکوانی خۆپیشاندانەکان دەخەملێندرێت و سەرجەمیان بێسەروشوێن بوون[٣٧].

---

[37] - lemonde، Damas promulgue un décret de naturalisation d'habitants kurdes ١٢/٤/٢٠٢١
https://www.lemonde.fr/proche-orient/article/2011/04/07/damas-promulgue-un-decret-de-naturalisation-d-habitants-kurdes_1504426_3218.html

## تەوەری دووەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی سارکۆزی.

ئالۆزی بارودۆخی سوریا و ئەو کوشتارەی خەڵکی مەدەنی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سەر بە ڕژێمی سوریا، بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی هێنایە سەر خەت، لەسەرووی هەمووشیانەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە پشتیوانی لە داواکاری خۆپیشاندەرانی سوریا دەکرد و بە قورسی ئیدانەی پێشێلکارییەکانی دەکرد کە هێزە ئەمنییەکان و سوپای سوریا دەرهەق بە خۆپیشاندەرانیان کردووە، بەڵام لە سەرەتادا فەڕەنسا هیچ هەڵوێستێکی ڕوونی نەبوو بەرامبەر بە دۆخی سوریا، بۆیە ئەم بێ دەنگییەی فەڕەنسا لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بە چەندین شێواز پێناسە دەکران و توانجیان لەسەر دەدا.
ماڵپەڕی واشینگتۆن پۆست لە هەواڵێکدا لەژێر ناونیشانی 'سەرکردەکانی ئەوروپا سزای سوریا دەدەن' دەنووسێت: " لە میانەی کۆنفرانسی هەواڵی نێوان نیکۆلای سارکۆزی سەرکۆماری فەڕەنسا و سیلڤیۆ بەرلسکۆنی سەرۆکی وەزیرانی ئیتاڵیا لە ڕۆما، بە ئەمریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپایان وت: "ئێوە سوپا و تانک و تۆپ مەنێرن، بەڵکو کۆتایی بە ئالۆزییەکانی سوریا بێنهن"، ئەم ماڵپەڕە هەڵوێستی سارکۆزی بە لاواز هەژمار دەکات، چونکە وڵاتانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی داوای

تەدەخولی سەربازیان بۆ سوریا دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو نیکۆلای سارکۆزی داوای سزادانی ڕژێمی سوریای دەکرد، هاوکات بەشیک لە وڵاتانی تری ئەوروپاش داوای سزادانیان دەکرد[٣٨].

ئەم نەرمی نواندنەی فەڕەنسا لە سەردەمی سارکۆزی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابووری لەگەڵ ڕژێمی سوریا هەبوو و نەیدەویست کە بەرژەوەندییەکانی بکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە دەبوایە هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی و پشتگیری نارەزایەتییەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا چەند مانگێک بەر لە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان سارکۆزی سەرکۆماری فەڕەنسا، بانگێشتی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریای کرد بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی ڕۆژی نەتەوەیی فەڕەنسا، کە دواتر چەند پرۆتۆکۆڵێک لەنێوانیان ئیمزا کرا و وەک دوو وڵاتی هاوبەشی ئابووری خۆیان ناساند، بۆیە لە سەرەتادا بەهۆی ئەم هاوبەشییە فەڕەنسا نەرمی نواند و هەڵوێستێکی هاوشێوەی بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا و جیهانی نەبوو، کە هەڵوێستی توندبوون بەرامبەر بە ڕووداوەکانی سوریا، هەڵوێستە نەرمەکانی سارکۆزی لەناو سەرکۆنەی وڵاتانی دژ بە ڕژێمی سوریا، بووە پەڵەیەک بە نێوچاوانی فەڕەنسا، چونکە ئەم فەڕەنسا لە سەرەوەی هەموو ئەو وڵاتانەوە بوو کە بانگەشەی چەسپاندنی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤی دەکرد، ئەم توانج و

---

[38] - Washington post، European leaders threaten Syria with sanctions١٤/٤/٢٠٢١
washingtonpost.com/world/european-leaders-threaten-syria-with-sanctions/2011/04/26/AFM9t9qE_story.html

ڕەخنانە هەمیشە لە میدیا ئەوروپی و ئەمریکییەکان بووبووە جێگەی باس و خواس، لەلایەکی ترەوە لە ناوخۆی فەرەنسا فشارێکی زۆر هەبوو لەسەر سەرکۆمار نیکۆلای سارکۆزی بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی ڕوونی فەرەنسا نیشان بدات[٣٩]، ڕۆژنامەی "لە مۆند"ی فەرەنسی لە یەکێک لە هەواڵەکانیدا ڕەخنە لە سارکۆزی دەگرێت و دەڵی چۆن لە لیبیا هەڵوێستی جدیمان هەبوو، دەبێ لە سوریاش وابین، بەڵام سارکۆزی وەڵامی ئەم ڕەخنەیە دەداتەوە و دەڵێت دوو دۆخی جیاوازن[٤٠].

ئاڵۆزییەکانی سوریا وای کرد کە فەرەنسا بێتە دەنگ، لە ٢٦ی ئازاری ٢٠١١ وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا داوای لە وڵاتانی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە ڕێکاری توند بەرامبەر توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران بگرنەبەر و لایەنی تاوانباریش سزا بدەن، دوای ئەو داوایەی فەرەنسا[٤١]، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەریتانیا و ئەڵمانیا و پرتوگال کەیسی قەیرانی سوریایان بردە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ٢٨ ئەپریلی ٢٠١١ ویستیان بە ڕاگەیاندراوێک داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکەن بۆ ئەوەی

---

٣٩ - دوجة ويلة عربي، زيارة ساركوزي- نهاية العزلة عن سوريا ودعم لنفوذ فرنسا!، ٢٠٢١/٤/١٥
dw.com/ar/زيارة-ساركوزي-نهاية-العزلة-عن-سوريا-ودعم-لنفوذ-فرنسا/a-٣٦١٦٤٥٦

40 - Le Monde، "La voix de la France a disparu dans le monde"، ١٥/٤/٢٠٢١
https://www.lemonde.fr/idees/article/2011/02/22/on-ne-s-improvise-pas-diplomate_1483517_3232.html

٤١ - نهار نيت، ساركوزي: فرنسا لن تتدخل بسوريا بدون قرار مسبق من مجلس الأمن الدولي، ٢٠٢١/٤/١٦
http://www.naharnet.com/stories/ar/5794

کۆبوونەوەیەک گرێ بدات لەسەر دۆخی سوریا، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن ڕووسیا و چینەوە ئاستەنگی بۆ دروستکرا، چونکە ڕوسیا کە هاوپەیمانی ڕژێمی سوریا بوو، ڕایگەیاند کە دژی تەدەخولی سەربازییە بۆ سەر سوریا، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتە، کە ئەمەش گرژی خستە نێوان وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەلایەک و ڕووسیا و چین لەلایەکی تر، لە بەرامبەر لێدوانەکانی رووسیا و چین دەربارەی کەیسی سوریا هەر ئەو ڕۆژە "جیرار ئارۆ" باڵوێزی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند: " ئەگەر هەنگاوەکان ئەرێنی نەبوون بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سوریا، ئەوا پێویستە فەڕەنسا بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپا بیر لە بژاردەی جیاواز بکەنەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی دۆخی سوریا"، هەروەها وتبوشی " پرۆسەی کۆدەنگی کاتێکی زۆری دەوێت تا درووست دەبێت".، تا ئێرە فەڕەنسا خواستی هەبوو لە ڕێگەی ئاشتییەوە کۆتایی بهێندرێت بە ئاڵۆزییەکانی سوریا، سەرەڕای ئەوەی لێدوانەکانی توند بوون بەترامبەر ڕژێمی سوریا و داوای دەکرد کە کۆتایی بهێنێت بەو کوشتارەی کە ئێستا دەرهەق بە خەڵکی سوریا دەکرێت لەلایەن هێزەکانی سەر بە حکومەتی سوریا[٤٢].

لە مانگی ئایاری ٢٠١١دا پەیوەندییەکانی فەڕەنسا لەگەڵ سوریا بە تەواوی تێکچوون، ئەویش لەو کاتەوەی کە ئاالان

[٤٢] - بي بي سي عربي، فرنسا مستعدة لدعوة مجلس الامن للاقتراع على قرار يدين سورية، ٢٠٢١/٤/١٦
bbc.com/arabic/middleeast/2011/06/110607_syria_france_un

گوابییە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەسەر ناوی سەرکۆمار نیکۆلای سارکۆزی، لە لە ڕاگەیاندراوێکی وەزارەتی دەرەوەدا سەرکۆنەی پەلامارە نا مرۆییەکانی کرد، کە سوپای سوریا بەردەوام دەیکاتە سەر هاوڵاتیانی خۆپیشاندەر، لە بەرامبەردا بەهۆی هەڵوێستە توندەکانی فەرەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر بە سوریا، هەروەها ئەو لیدوانەی وەزارەتی دەرەوە، لایەنگرانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە ١١ی تەمووز، لە دیمەشقی پایتەخت هەڵیانکوتایە سەر باڵوێزخانەی فەرەنسا و ئەمریکا و چەند فەرمانبەرێکی هەردوو باڵوێزخانەکە و ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسیشیان بریندار کرد، حکومەتی فەرەنسا لە بەرامبەر ئەو کارەی کە لە دیمەشق لە هەمبەر باڵوێزخانەکەیان کراوە، لەمیا شەقور باڵوێزی سوریای لە پاریس دەرکرد، لە هەمان کاتیشدا کونسوڵخانەکانی خۆی لە شاری لازقیە و حەلەب لە سوریا داخست[٤٣].

لەمەبەدوا فشارەکانی ناوخۆ لە فەرەنسا ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندابوون، لە لایەکی ترەوە فەرەنسا نزیک دەبووەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، بۆیە دەبوایە سارکۆزی هەڵوێستەکانی لەگەڵ داواکارییەکانی ناوخۆی یەکخستبایەوە، بۆیە سیاسەتەکانی فەرەنسا بەرامبەر سوریا بەرەو توندی زیاتر چوون و بووە یەکێک لەو وڵاتانەی کە سەرسەختانە دژایەتی ڕژێمی سوریای دەکرد، لە سەرەتادا

---

[٤٣] - فرانس ٢٤ عربي، متظاهرون يهاجمون سفارتي أمريكا وفرنسا في دمشق وجرح ثلاثة من السفارة الفرنسية، ٢٠٢١/٤/١٧
france24.com/ar/20110711-french-embassies-attack-demonstrators-government-syria-violence-wounded-ministry-foreign-affairs

هاوکاری لۆجیستی و پزیشکی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریای دەکرد، کە لە مانگی ئایاری ٢٠١١دا دروستبووبون بە ناوی "سوپای سوریای ئازاد"، هەر لەم ماوەیەشدا کاتێک لە ناوچە کوردییەکانی باکووری سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) کوردەکان هێزێکیان بە ناوی "یەکینەکانی پاراستنی گەل" و دواتریش "یەکینەکانی پاراستنی ژن"یان دروستکرد، فەڕەنسا هاوکاری مرۆیی و پزیشکی ناوچەی ژێر قەڵمڕەوی ئەوانی دەکرد[٤٤]، هەڵوێستەکانی سەرۆکی فەڕەنسا ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبوون، بۆیە لەلایەکەوە بەردەوام پشتگیری لە نارەزایەتییە مەدەنییەکان دەکرد و هاوکاری شۆڕشی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەکرد دژی ڕژێمی سوریا، لەلایەکی تریشەوە هەمیشە بانگی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد، بۆ هەڵوێست وەرگرتن و سزادانی حکومەتی بەشار ئەسەد، لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی لە هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی دەکرد کە بیەوێت دۆخی ئاڵۆزی سوریا چارەسەر بکات، چونکە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری فەڕەنسا چەند مانگێک مابوو ئەنجام بدرێت، سارکۆزی بە هۆی ئەو فشارە زۆرانەی کە لە ناوخۆ لەسەری هەبوو، دەبوایە بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئاڵۆزی سوریا بکات[٤٥].

---

[٤٤] - دبلوماسية فرنسية عربي، الحرب في سورية: توضيح موقف فرنسا، ٢٠٢١/٤/١٧
diplomatie.gouv.fr/ar/afrique-du-nord-et-moyen-orient/syrie/la-france-et-la-syrie/guerre-en-syrie-comprendre-la-position-de-la-france/

[٤٥] - روسيا اليوم عربي، ساركوزي: سوريا مسحت من الخريطة تقريبا، ٢٠٢١/٤/١٧
arabic.rt.com/news/٨٢٢٦٥٠-ساركوزي-سوريا-مسحت-من-الخريطة-تقريبا-والجزائر-تشكل-تهديدا-لأوروبا/

لە کانوونی دووەمی ٢٠١٢دا نیکۆلای سارکۆزی سەرکۆماری فەڕەنسا، لە میانەی پێشکەشکردنی وتارێک لە بەردەم خوێندنگەی سەربازی دەریایی "لانفیوک بلومیک" دەربارەی دۆخی سوریا، داوای لە بەشار ئەسەدی سەرکۆماری سوریا کرد واز لە پۆستەکەی بهێنێت و ڕێگە بدات خەڵکی سوریا بە ئازادی حکومی خۆیان بکەن، داواشی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە سنوورێک بۆ ئەو "وەحشیگەریە"ی سوریا دابنێن و کۆتایی بەم کاولکارییە بهێنن، هەر لەمیانەی وتەکانیدا، سارکۆزی وتی، پێویستە ئازادی تەواو بدرێت بە شاندی کۆمەڵەی عەرەبی تا لێکۆڵینەوە بکەن لە کارە دڕندەییەکانی ڕژێمی سوریا[٤٦]، لە مانگی شوبات-یشدا سارکۆزی داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد کە گروپێک پێکبهێنن بە ناوی "هاوڕێیانی سوریا" کە مەبەست لێی یەکخستنی فشارەکانە دژی حکومەتی سوریا، لە هەمان کاتیشدا یەکخستنی پشتگیرییە بۆ سەرهەڵدێرانی سوریا[٤٧]، سیاسەتەکانی سارکۆزی تا دەهات بەرامبەر ڕژێمی سوریا توندتر دەبووەوە، بۆیە لە ٣ی ئازاری هەمان ساڵدا لەمیانەی پێشکەشکردنی وتارێکدا لە لوتکەی یەکیتی ئەوروپا لە بڕۆکسڵ ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بڕیاری داوە باڵوێزخانەی

---

[٤٦] - فرنس ٢٤ عربي، الرئيس الفرنسي نيكولا ساركوزي يدعو الأسد للتنحي، ٢٠٢١/٤/١٨

france24.com/ar/٢٠١٢٠١٠٣-سوريا-فرنسا-نيكولا-ساركوزي-بشار-الأسد-دعوة-للتنحي-احتجاجات

[47] - Euractiv، Sarkozy pushes ‘Friends of Syria’ group at UN، ١٨/٤/٢٠٢١

euractiv.com/section/global-europe/news/sarkozy-pushes-friends-of-syria-group-at-un/

خۆی لە دیمەشق دابخات، هەروەها ئیدانەی هێرشەکانی هێزەکانی سوریای کرد دژ بە خۆپیشاندەران و بە "ئابڕوچوون"ناوی هێنا، ئەم هەڵوێستانە سەرۆکایەتی سەرکۆزی بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کورسی سەرۆکایەتی کۆماری فەڕەنسای جێهێشت لە ئایاری ٢٠١٢، لەو ماوەیەی کە سارکۆزی سەرکۆماری فەڕەنسا بوو چەندین بڕیاری گرنگ دران لە بارەی سوریا، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

١ – بڕیاری لە دژی بەرپرسانی سوریا، لە سەرووی هەموویانەوە بەشار ئەسەد–دا، لەوەی کە نەتوانن بچنە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا.

٢ – سڕکردنی پارەی بەرپرسە باڵاکانی ڕژێمی ئەسەد و بێبەشکردنی سوریا لە پڕۆگرامی هاوکاری یەکێتی ئەروپا.

٣ – بریاری سەپاندنی سزا بەسەر کۆمپانیاکانی سوریا و ڕاگرتنی کڕینی نەوت و گازی سوریا لەلایەن یەکێتی ئەوروپا[٤٨].

لەگەڵ دەستپێکی نارەزایەتییەکانی سوریا و هێرشەکانی سوپای سەر بە ڕژێمی سوریا بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، هەندێ لە وڵاتان سەرکۆنەی هێرشەکانی سوپای سوریایان دەکرد بۆ سەر خۆپیشانداەران و هەندێکیشیان هاوکاری ڕژێمی سوریایان دەکرد، بەڵام لە

---

٤٨ - فرنس ٢٤ عربي، الرئيس ساركوزي يقرر إغلاق السفارة الفرنسية في دمشق ، ٢٠٢١/٤/١٨
france24.com/ar/٢٠١٢٠٢٠٣-فرنسا-تغلق-سفارة-دمشق-نيكولا-ساركوزي-الثورة-السورية-بشار-الأسد-احتجاجات

سەرەتادا فەڕەنسا هیچ هەڵوێستێکی ڕوونی نەبوو، بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەی کە لەگەڵ ڕژێمی سوریا هەیبوو، ئەمەش بووە هۆی شەرمەزارکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن چەند وڵاتێکی ترەوە، جگە لەوەش لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵات، فشارێکی زۆر لە ئیدارەی نیکۆلای سارکۆزی دەکرا بۆ وەرگرتنی هەڵوێست دژی ڕژێمی سوریا، ئەمەش وای کرد کە فەڕەنسا لەمەودوا بێ هەڵوێست نەمێنێت و لە یەکەمین کاردانەوەیدا لە مانگی ئازاری ٢٠١١ کۆماری فەڕەنسا داوای لە وڵاتانی هاوپەیمانی خۆی کرد کە بە هاوبەشی هەڵوێست لە دژی ئەم سەرکەوتکارییەی گەلی سوریا لەلایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە وەرگرن، کە دواتر بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە یەکێتی ئەوروپا کەیسی سوریایان بردە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لەگەڵ وەرچەرخانی رووداوەکان و بەرزی ئاستی تەداخولی وڵاتان لە دۆخی سوریا، فەڕەنساش تا دەهات هەڵوێستەکانی بەرامبەر ڕژێمی بەشار ئەسەد توندتر دەبوو، چونکە هەم خواستی هەبوو وەک زلهێزێک کاریگەری هەبێت لەسەر دۆخی سوریا، هەمیش کە قوڵایەکی مێژوویی لەگەڵ سوریا هەیە خۆی وەک خاوەن نیشان بدات، بۆیە سەردەمی سارکۆزی بە زێڕینترن سەردەمی فەڕەنسا هەژمار دەکرێت لە هەڵوێست وەرگرتن لەسەر دۆخی سوریا.

# باسی دووەم
# سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی فرانسوا هۆلاند و ئیمانوێل ماکرۆن

## تەوەری یەکەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا لە سەردەمی فرانسوا هۆڵاند.

بە سەرکەوتنی فرانسوا هۆڵاند لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری فەڕەنسا لە مانگی ئایاری ٢٠١٢ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا گۆرانکارییەکی ئەوتۆی لە کەیسی سوریا بە خۆوە نەبینی بە بەراورد بە سەردەمی سەرۆکایەتی نیکۆلای سارکۆزی، سەرەڕای ئەوەی کە دوای دەستبەکاربوونی هۆڵاند وەک سەرکۆمار، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە ئاستێکی فراونتری دەرخست لە پابەندبوون بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا و بەردەوام بوون لە سزادانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، کە پێشتر لە سەردەمی سارکۆزی لە گرووپی "هاورێیانی سوریا" پێوەی پابەند بوون[٤٩].

لە ٢٦ی ئایاری ٢٠١٢دا هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە پارێزگای حەمس ١٠٨ هاولاتیان کوشت، کە ئەم ڕوداوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاردانەوەی زۆری هەبوو، کە بە ڕوداوی "قەسابخانەی حەولا" دەناسرێت[٥٠]، لە یەکەم

---

[٤٩] - فرانس ٢٤ عربي، هل سيغير "فرانسوا هولاند" السياسية الخارجية لفرنسا؟، ٢٠٢١/٤/١٩
france24.com/ar/20120506-france-francois-hollande-french-presidential-international-policy

[50] - 20minutes، Syrie: La communauté internationale indignée après le massacre d'Houla، ١٩/٤/٢٠٢١
20minutes.fr/monde/941655-20120527-syrie-communaute-internationale-indignee-apres-massacre-houla

کاری لە پۆستی سەرکۆماری فەڕەنسادا، فرانسۆ هۆلاند لە ٢٩ی ئایاری ٢٠١٢ باڵوێزی سوریای لە پاریس دەرکرد، کە ئەمەش وەک هەڵوێستێک بوو بەرامبەر ڕژێمی بەشار ئەسەد، هەر ئەو ڕۆژە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کۆشکی ئیلیزێ رایگەیاند: بڕیاری دەرکردنی باڵوێزی سوریا لە فەڕەنسا، تەنها لەلایەن ئێمەوە بڕیاری لێ نەدراوە، بەڵکو بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە یەکێتی ئەورووپا بڕیارمان لێداوە، هەمان ڕۆژ وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە ڕاگەیاندراوێکدا وتی؛ "ئەم بڕیارە لە دوای ئەوەوە هات کە ئێمە بە وردی ئاگادارین لەوەی ساڵێک زیاترە ڕژێمی بەشار ئەسەد بە دڕندانەترین شێوە ڕووبەڕووی گەلی سوریا دەبێتەوە، هەڵوێستی قورسترمان لە داهاتودا دەبێت"[٥١].

کاتێک هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٢ هاوپەیمانییەتیەکیان بە ناوی "هاوپەیمانی نیشتمانی سوریا" دامەزراند، کە لە کۆمەڵێک هێز و لایەن و پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا پێکهاتبوو، کە دواتریش وەک حکومەتی کاتی سوریا خۆی ڕاگەیاند، کۆماری فەڕەنسا یەکەم وڵات بوو دانیپێدانا و وەک تاکە لایەنی نوێنەری گەلی سوریای لەقەڵەمدا، کە ئەمەش دەرگایەکی گەورەی لەسەر ڕەوایەتی ئەم هاوپەیمانیەتییە کردەوە بەرەو ڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دوو ڕۆژ دوای درووستکردنی ئەم

---

[٥١] - لدنيا الوطن، فرنسا تطرد السفير السوري، ٢٠٢١/٤/١٩
https://www.alwatanvoice.com/arabic/news/2012/05/30/282712.html

هاوپەیمانیەتییە لۆران فابیۆس وەزیری دەروەی فەڕەنسا لەگەڵ ئەحمەد موعاز خەتیب سەرۆکی "هاوپەیمانیەتی نیشتمانی سوریا" لە قاهیرە کۆبوونەوە و دواتریش نوێنەرایەتی فەرمی ئەم هاوپەیمانییەتیەی لە پاریس کردەوە، دواتریش فەڕەنسا وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە سوریا مامەڵەی لەگەڵ کردن و چەند جارێکیش شاندی ئەم هاوپەیمانیەتییە سەردانی فەڕەنسایان کرد و لەلایەن سەرکۆماری فەڕەنسا پێشوازیان لێکرا [٥٢].

فرانسوا هۆلاند لە لێدوانێکدا لە بارەی ڕوداوەکانی سوریا، ڕۆژی ٣٠ ئەیلولی هەمان ساڵ ڕایگەیاند، کە بژاردەی تەدەخولی سەربازی بۆ سەر سوریا "دوور نییە" و "بژادەیەکی کراوەیە"، بەڵام پێویستی بە کۆدەنگی وڵاتان هەیە لە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەم لێدوانەی هۆلاند هیچ زەمینەیەکی ساز نەکرد بۆ تەدەخولی سەربازی بۆ سەر سوریا، چونکە لە کاتێکدا وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەریکی هەڵسەنگاندنی ئەم بژاردەیە بوون، ڕوسیا پشتیوانی لە ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکرد و هەمیشە ڕێگەی لەو هەوڵە دەگرت کە بنرێت بۆ چارەسەری دۆخی ئاڵۆزی سوریا[٥٣].

لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٣ لە میانەی سەردانەکەی بۆ قەتەر و بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، فرانسوا هۆلاند سەرکۆماری

---

[٥٢] - شبكة الجزيرة الاعلامية، فرنسا تعترف بالائتلاف السوري، ٢٠٢١/٤/١٩
aljazeera.net/news/arabic/٢٠١٢/١١/١٣/فرنسا-تعترف-بالائتلاف-السوري

[53] - 20minutes، Syrie: «Il n'est pas question d'une intervention, il s'agit seulement d'une posture»، ١٩/٤/٢٠٢١
20minutes.fr/monde/943809-20120530-syrie-il-question-intervention-agit-seulement-posture

فەڕەنسا، هۆشداریدا لە بەهێزبوونی گروپە توندەڕەوە ئیسلامییەکان لە سوریا، بۆیە داوای لە هێزە میانرەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا "هاوپەیمانی نیشتمانی سوریا" کرد کە شەڕی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکان بکەن و ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەنەوە کە لە دەستی ئەواندایە، هەورەها پشتگیری سەربازی وڵاتەکەشی دوپاتکردەوە بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە چوارچێوەی ئەو مەرجانەی کە پێشتر لە ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانان بڕیاری لەبارەوە دراوە، دڵنیایشیدا لە بەردەوامی سزاکانی بۆسەر ڕژێمی بەشار ئەسەد و داواشی کرد لە بەریتانیا و ئەمریکا، فشاری سەربازی بخرێتە سەر ڕژێمی ئەسەد بۆ زوو چارەسەرکردنی دۆخی سوریا، ئەگەر نا ڕێکخراوە توندڕەوەکان بەهێزتر دەبن و دۆخەکە لە جڵەوی هەموو لایەک دەردەچێت[٥٤].

سەرەڕای فراوانبوونی قەیرانەکان و دەرنەکەوتنی ئاسۆی چارەسەری بۆ ئاڵۆزییەکانی سوریا و بەهێزبوونی گروپە توندڕەوەکان لە لەلایەکی سوریا، لە ٢١ی تەمووزی ٢٠١٣ هێزەکانی سەر بە ڕژێمی سوریا بە بۆمبی گازی کیمیایی، شارۆچکەی غوتە-یان لە دەوروبەری دیمەشقی پایتەخت بۆمباران کرد، کە لەم ڕوداوەدا بەپێی هەواڵدەرەکانی ناوخۆی سوریا لانی کەم ١٣٠٠ هاوڵاتی مەدەنی بوونە قوربانی، ئەم ڕوداوە لەسەر ئاستی جیهانی کاردانەوەیەکی

---

[٥٤] - الحرة عربي، هولاند يطالب المعارضة السورية بالسيطرة على المناطق الخاضعة لجماعات متطرفة، ٢٠٢١/٤/٢٠
alhurra.com/syria/٢٠١٣/٠٦/٢٣/هولاند-يطالب-المعارضة-السورية-بالسيطرة-المناطق-الخاضعة-لجماعات-متطرفة

گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا[55]، فرانسۆ هۆڵاند سەرکۆماری فەڕەنسا بۆ میدیاکانی وڵاتەکەی ڕایگەیاند کە فەڕەنسا ئەم هێرشە بە "وەحشیگەرانە" دەزانێت و بێگومان لە هەموو بەستەرەکانمانەوە لێکۆڵینەوە بۆ بکەرانی ئەم هێرشە دەکەین، هەر لایەنێک تێوەبگلێت دەکەوێتە لیستی سزا قورسەکانمانەوە، هەروەها لە لێدوانەکەدا ئەوەشی وت، کە ئێمە بەپێی هەواڵەکانی ناوخۆی سوریا گومانمان هەیە کە ڕژێمی بەشار ئەسەد ئەنجامی دابێت، بەڵام ئێمە ئەوە دەدۆزینەوە کە ئەنجامی داوە و لە داهاتوودا بە توندترین شێوە سزای دەدەین، هەروەها وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا ڕایگەیاند، ئەم هێرشە کیمیاییە دژی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی جنێڤی ١٩٢٥ی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاییە و فەڕەنسا لەوە خۆش نابێت کە ئەنجامیداوە، لە کاتێکدا کە پەرلەمانی بەریتانیا لە کۆبوونەوە دابوو بۆ تەخەولی سەربازی لە سوریا، فرانسوا هۆڵاند دڵنیاییدا لە ئەگەری هەر بڕیاێک کە دژی تەدەخولی سەربازی بێت بۆ سوریا لە پەرلەمانی بەریتانیا، ئەوا کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی فەڕەنسا نابێت بۆ ئەگەری تەداخولی سەربازی[٥٦].

هەوڵەکانی فەڕەنسا لەگەڵ هاوبەشەکانی لە یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا، بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی

---

[55] - AL ARABIYA NETWORK، Syrian opposition: 1,300 killed in chemical attack on Ghouta region، ٢٠/٤/٢٠٢١
english.alarabiya.net/News/middle-east/2013/08/21/Syrian-activists-at-least-500-killed-in-chemical-attack-on-Eastern-Ghouta

[٥٦] - الجمهورية، هولاند: فرنسا يمكن أن تشارك في اي تحرك بشأن سوريا بدون بريطانيا، ٢٠٢١/٤/٢٠
aljoumhouria.com/ar/news/٩١٧٧٢/هولاند-فرنسا-يمكن-ان-تشارك-في-اي-تحرك-بشان-سوريا-بدون-بريطانيا#mostRead_٥٩١٥٢٤


گونجاو بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئاڵۆزی سوریا، بەڵام هەولەکان لەلایەن ئەو وڵاتانەوە هەر زوو لەبار دەبران، ئەمەش هۆکار بوو بۆ یەکلانەکردنەوەی دۆخی سوریا، سەرەڕای ئەوەش تا دەهات دۆخی سوریا ئاڵۆزتر دەبوو، بە شێوەیەک هەر ناوچەیەکی سوریا دابەشبوو بەسەر چەند هێز و گروپێکی سەربازی[٥٧]. هۆشدارییەکانی فرانسوا هۆلاند سەکۆماری فەڕەنسا لە بارەی بەهێزبوونی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان، وردە وردە ئاسۆی ڕاستییەکانی دەردەکەوت لە مەیدانی شەڕی ناوخۆی سوریادا، لە کاتێکدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خەمساردییەک هەبوو بۆ چارەسەری قەیرانی سوریا، لە ئازاری ٢٠١٤دا گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی سوریا کە هەژموویان بەسەر چەند ناوچەیەک هەبوو، وەک باشووری حەلەب و دێرەزور و ڕەقە و باشووری حەسەکە، لەگەڵ پاشماوەی لقی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق و ڕێکخراوی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی، کە لە سوریاش بەشێک لە گروپە جیهادییەکانی وەک جەبهەی نوسرە و ئەحراری شام و ڕێکخراوی قاعیدە، هێزێکی چەکداری نوێیان بە سەرکردایەتی ئەبوبەکر بەغدادی، بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" ڕاگەیاند، دوای ماوەیەکی کەمیش هاتنە عێراق و بەشێک لە خاکەکەیان داگیرکرد، ئامانجیان لە ئەم ڕێکخراوە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بوو لەو دوو وڵاتە، کە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵەیان

57 - france24، France ready to 'punish' those behind Syria gas attack، ٢٠/٤/٢٠٢١
www.france24.com/en/20130827-france-punish-syrian-chemical-attack-hollande

لەگەڵ دانیشتوانی ئەم ناوچانە دەکرد و کوشتاریێکی زۆریان درووست کرد، لە هەموو ئەوانە گرنگتر کە ئەورووپا و ئەمریکای بە قورسی هێنایە سەر خەت ئەوە بوو لە ١٩ی ئابی ٢٠١٤ ڕیکخراوی "داعش" لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڤیدیۆی سەر بڕینی ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی بە ناوی "جەیمس فولی" بڵاوکردەوە و هەڕەشەی بە ئامانجگرتنی هاوڵاتیانی بیانی کرد لە سوریا و عێراق. بڕوانە نەخشەی (٢):

نەخشەی (٢)

ناوچەکانی "ڕێکخراوی تیرۆریستی "داعش" لە سوریا و عێراق لە ٢٠١٤



سەرچاوە٢: www.bbc.com/news/world-middle-east-٢٧٨٣٨٠٣٤ /

ئەم ڕوداوە ئەمریکای بە قورسی هێنایە سەر خەت، دواتر لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە سەرکردایەتی ئەمریکا جموجۆڵ دەستپێکرد بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەکی سەربازی دژی ئەم ڕێکخراوە، دواتر بە ئەندامیەتی و هەماهەنگی ٦٠ وڵات "هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش" درووستکرا، بە درووستبوونی ئەم هێزە هاوسەنگی هێز لە سوریا گۆڕا، بە شێوەیەک مەیدانەکانی شەڕ لە سوریا گوازرانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ئەم ڕێکخراوەی تێدا بوو[٥٨]. لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری فەڕەنسا بەشداری نەکرد لە هیچ هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانی "داعش" لە سوریا، بەڵکو هێرشەکانی تەنها لە عێراق ئەنجام دەدا، فرانسوا هۆلاند سەرکۆماری فەڕەنسا لە ٢٨ی مانگی هەمان ساڵدا ڕایگەیاند، نابێت هێزەکانی سەر بە ڕژێمی سوریا ببنە هاوبەشێک لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە، ئەم لێدوانانەی هۆلاند دوپاتی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسای کردەوە بەرامبەر بە ڕژێمی سوریا، هەروەها ئەوەی نیشاندا کە هیچ بەرەوپێشچوونێکی نوێ لە فەڕەنسا نییە بەرامبەر ڕژێمی بەسار ئەسەد و بۆ

58 - foreign policy، The Beginning of a Caliphate: The Spread of ISIS، ٢١/٤/٢٠٢١
foreignpolicy.com/2014/06/11/the-beginning-of-a-caliphate-the-spread-of-isis-in-five-maps/

هەمیشە وەک دوژمنێکی سەرەکی فەڕەنسا مایەوە[٥٩]، لەم ماوەیەدا فەڕەنسا بەهۆی شکستەکانی لە هەوڵە دیبلۆماسییەکانی بۆ چارەسەری قەیرانی سوریا، لەناوخۆی فەڕەنسا ڕەخنەی زۆر ئاراستەی فرانسوا هۆڵاند و لۆران فابیۆسی وەزیری دەروەی فەڕەنسا دەکرا، لەوەی کە نەیانتوانییوە کاریگەری ئەوتۆیان هەبێت لەسەر دۆخی سوریا، بە تایەت هەوڵەکانی فابیۆس لە دانیشتنی جنێف١ لە ٢٠١٤دا کە نەیتوانی بە پشتگیرییەکانی بۆ هاوپەیمانی نیشتمانی سوری و دژایەتییەکانی بۆ ڕژێمی بەشار ئەسەد، دۆخی سوریا هێور بکاتەوە، کە لەلایەن نووسەران وچاودێرانی قەیرانی سوریا رەخنەی زۆری ئاراستەکرا، دواتر لۆران فابیۆس شکستەکەی بەوە راگەیاند کە بەشداری نەکرد لە کۆبوونەوەکانی چارەسەری دۆخی سوریا لە ڤیەنا لە ٢٠١٥دا[٦٠].

هەر لەم ماوەیەدا کە چەکدارانی "داعش" هێرشیان بۆ سەر شاری کۆبانێ دەستپێکرد، فەڕەنسا بێ دەنگییەکی سەمەرەی هەبوو، لە کاتێکدا خەریک بوو ئەو شارە لەلایەن داعشەوە داگیردەکرا، کەچی هیچ هەڵوێستێکی ڕوونی نەبوو، لە پاریس خۆپیشاندان ئەنجامدرا بۆ تەدەخولی فەڕەنسا و پاراستنی شارەکە، کە خۆپیشاندەران رەخنەی توندیان ئاراستەی

---

[٥٩] - روسيا اليوم عربي، هولاند يدعو لتسليح المعارضة التي تقاتل "الدولة الإسلامية" في سورية، ٢٠٢١/٤/٢١
arabic.rt.com/news/٧٥٦٢٨٩-هولاند-الأسد-ليس-شريكا-في-الحرب-على-الإرهاب/

[60] - L'Obs، Syrie : pourquoi Fabius est sur le banc de touche، ٢١/٤/٢٠٢١
https://www.nouvelobs.com/monde/guerre-en-syrie/20151022.OBS8154/syrie-pourquoi-fabius-est-sur-le-banc-de-touche.html

کۆماری فەڕەنسا کرد، دواتربە تێکۆشانی بەردەوامی شەڕڤانانی یەپەگە-یەپەژە توانرا ئەم شارە لە داگیرکاری چەکدارانی داعش بپۆارێزرێت[٦١].

سیاسەتەکانی فەڕەنسا لەم ماوەیەدا نەگۆڕ بوون تا ئەو کاتەی، بۆ یەکەمین جار لە زنجیرە هێرشێکی تیرۆریستیدا لە لە تشرینی دووەمی ٢٠١٥ لە پاریس کە بووە هۆی کوژرانی ١٣٠ کەس و برینداربوونی سەدان کەسی تر، فەڕەنسا پێداچوونەوەی بە سیاسەتەکانی خۆی کرد بەرامبەر جەنگی دژی داعش لە سوریا و عێراق، چونکە فەڕەنسا هەرگیز چاوەڕێی ڕوداوێکی لەم جۆرەی نەکردوو، بۆیە پێداچونەوەیکی گشتگیری لە سیاسەتەکانی خۆی هەم بەرامبەر وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیش بەرامبەر پرسی پەنابەران لە وڵاتەکەی، ئەمە لەپاڵ کۆمەڵێک هۆکاری تر کە بووە هۆی پێداچوونەوە بە سیاسەتە دەرەکییەکانی، هەر بۆیە لە سەرەتاکانی ٢٠١٦دا فەڕەنسا هێرشەکانی بۆسەر "داعش" لە سوریا زیاد کرد و تا ڕادەیەک بەهۆی گرنگی پرسی تیرۆر و فشاری ناوخۆیی گوشارەکانی لەسەر ڕژێمی بەشار ئەسەد کەم کردەوە. یان بە شێوەیەکی تر نەرمی نواندنی بەکارهێنا بەرامبەر ڕژێمەکە[٦٢].

بۆیە لە سەرەتادا لە مانگی ئازاری هەمان ساڵدا دیبلۆماسیەتی تاکتیکی بەکارهێنا و چاویخشاندەوە بە

---

[٦١] - العربي الجديد، مظاهرة في باريس تنتقد "صمت" فرنسا إزاء " كوباني"، ٢٠٢١/٤/٢١
alaraby.co.uk/مظاهرة-في-باريس-تنتقد-"صمت"-فرنسا-إزاء-"-كوباني"

[٦٢] Arabic News - ، هجمات باريس يمكن أن تغير سياسة فرنسا الخارجية تجاه الأزمة في سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٢
http://arabic.news.cn/2015-11/16/c_134819791.htm

هاوپەیمانیەتییەکانی لەگەڵ وڵاتان، بۆ ماوەیەک لەسەر پرسی قەڵاچۆکردنی "داعش" لەگەڵ ڕووسیای فیدراڵ کەوتە هاوپەیمانیەتییەکی تاکتیکییەوە[٦٣]، بەڵام پێویستی بە هاوپەیمانی تری ئەوروپا بوو بۆ ئەم هاوپەیمانیەتییە، هەر لەم ماوەیەشدا هێرشە فڕۆکەییەکانی بۆ سەر پێگەکانی "داعش" لە سوریا زیاد کرد[٦٤].

لە کۆتاییەکانی ٢٠١٦دا پەیوەندییەکانی نێوان فەڕەنسا و ڕووسیا لەسەر دۆخی سوریا گرژیان تێکەوت، لە یەکەم کاردانەوەدا فرانسوا هۆڵاند سەرکۆماری فەڕەنسا لەمیانەی پێشکەشکردنی وتاری ساڵانە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕووسیای بە تۆمەتبار کرد کە ئاگربەستی ڕاگرتنی شەڕی لە سوریا پێشێل کردووە و هێرشی کردووەتە سەر چەند ناوچەیەک، ئەم لێدوانەی فرانسوا هۆڵاند گرژیەکەی توندتر کردەوە[٦٥]، ڕوسیا وەک کاردانەوەیک دژی لێدوانەکەی فرانسوا هۆڵاند بەردەوام بوو لە هاوکاری کردنی سوپای ڕژێمی سوریا بۆ کۆنترۆڵکردنەوە چەند ناوچەیەک، ئەویش کاتێک هێزەکانی سەر بە ڕژێمی سوریا بە هاوکاری ڕووسیا، هێرشێکی چڕی

---

[٦٣] - بي بي سي عربي، بعد الهجمات الأخيرة في باريس، بدأت تعلو الأصوات المطالبة بتغيير السياسة الفرنسية الخارجية تجاه سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٢
https://www.bbc.com/arabic/multimedia/2015/11/151116_france_attack_syria

[٦٤] - - المستقبل، "برجماتية" باريس: تحولات السياسة الفرنسية في عهد هولاند، ٢٠٢١/٤/٢٢
https://bit.ly/3gXdv1z

[٦٥] YouTube - ، فرانسوا هولاند يدعو إلى الإسراع بفرض السلام في سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٣
https://www.youtube.com/watch?v=_UqDaTmFJmE

سەربازییان بۆ سەر پارێزگای حەلەب و دەوروبەری دەستپێکرد، بەو هۆیەوە فەرەنسا  بە توندی رووسیای تۆمەتبار کرد، لە کاتێکدا بوو کە ڤلادیمێر پۆتین بە نیاز بوو لە مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵدا سەردانی فەرەنسا بکات، بەڵام دوای ئەو لێدوانەی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا سەردانەکەی بۆ پاریس دواخست کە بە تەمابوو لە مەراسیمی کردنەوەی کەنیسەیەکی ئەرسۆدۆکسی بەشداربێت[٦٦].

لە پاڵ ئەوەی کە هۆڵاند رووسیای تۆمەتبارکرد بە شکاندنی ئاگربەست لە سوریا، هەروەها لە لێدوانێکیدا لە ٣٠ی مانگی ئابی ٢٠١٦ ڕایگەیاند کە تەداخولاتەکانی تورکیا لە سوریا کێشەی وڵاتەکە ئاڵۆزتر دەکات، تورکیا پەلاماری ئەو هێزە کوردیانە دەدات کە بە درێژایی جەنگی دژ بە داعش هاوکارمان بوون، داوای کرد کە تورکیا لە پەلاماردانی ئەم هێزە کوردیانە بوستێت، سیاسەتەکانی دەرەوەی فەرەنسا بەرامبەر قەیرانی سوریا وەک خۆی مایەوە، لە کاتێکدا هەم هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریای دەکرد، هەمیش لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر ڕژێمی بەشار ئەسەد وەک خۆی بەردەوام بوو، تا سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا لە مانگی ئایاری ٢٠١٧دا، بەڵام هەر زوو فرانسوا هۆڵاند ڕایگەیاند کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا کاندید ناکاتەوە، بۆیە لەم ماوەیەدا هۆڵاند بەردەوام

---

[٦٦] - بي بي سي عربي، بوتين يلغي زيارة إلى فرنسا وسط خلاف بشأن النزاع في سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٣
https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2016/10/161011_syria_russia_france_putin_visit

بوو لە سیاسەتە پراگماتییەکانی خۆی بەرامبەر دۆخی قەیرانی سوریا[٦٧].

**تەوەری دووەم/ سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا لە سەردەمی ئیمانوێل ماکرۆن.**

دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری فەڕەنسا لە مانگی ئایاری ٢٠١٧ و دەرچوونی ئیمانوێل ماکرۆن بە سەرکۆماری فەڕەنسا و دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر جەنگی دژ بە "داعش" و قەیرانی سوریا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، بەبەراورد بە سەردەمی فرانسوا هۆلاند، لە یەکەم لێدوانی لەسەر دۆخی سوریا، کاتێک ئیمانوێل ماکرۆن سەرکۆماری نوێی فەڕەنسا پێشوازی لە ڕیاز حیجاب ڕێکخەری دەستەی گشتی دانوستانکاری سەر بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا کرد لە کۆشکی ئیلیزێ، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی پاڵپشتی هێزە شەڕکەرەکانی دژی ڕیکخراوی "داعش"ە لە سوریا، هەروەها پاڵپشتی تەواو لە ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکات تا ئەو کاتەی دۆخی سوریا ئاسایی دەبێتەوە[٦٨]، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو کاتێک لە حوزەیرانی هەمان ساڵ و چەند

---

[٦٧] - شبكة الجزيرة الاعلامية، هولاند: تدخلات تركيا وروسيا بسوريا تهدد بتصعيد شامل، ٢٠٢١/٤/٢٣ https://bit.ly/3rJbps1

[٦٨] - دوتشة فيلا عربي، ماكرون يلتقي وفد المعارضة السورية برئاسة حجاب بعد لقائه بوتين، ٢٠٢١/٤/٢٤
dw.com/ar/ماكرون-يلتقي-وفد-المعارضة-السورية-برئاسة-حجاب-بعد-لقائه-بوتين/a-٣٩٠٥٤٣٥٤

ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا، ماکرۆنی سەرکۆمار، پێچەوانەی سیاسەتەکانی سەرکۆماری پێشوو فرانسوا هۆلاند و سیاسەتی ئەورووپا و ئەمریکا، ڕایگەیاند کە چیتر وڵاتەکەی ڕۆیشتنی پێش مەرجی بەشار ئەسەد بە چارەسەرکردنی دۆخی شەش ساڵەی قەیرانی سوریا نابینێت، هەروەها لە لێدوانەکەیدا ماکرۆن وتیشی؛ لە ئێستا هیچ جێگرەوەیەکی شەرعی بۆ بەشار ئەسەد نابینم و چیتر داخوازی لادانی ئەو ناکەینە پێش مەرجی خۆمان، ڕژێمی بەشار ئەسەد دوژمنی گەلی سوریایە نەک کۆماری فەرەنسا[٦٩]، دوای چەند مانگێک، پاشکەشە لە وتەکانی ماکرۆن بەدیدەکرا، ڕەنگە فشاری هاوپەیمانان پەشیمانی کردبێتەوە لەوەی کە وتبووی " لادانی بەشار ئەسەد ناکەینە پێش مەرجی چارەسەری قەیرانی سوریا"، بەڵام لە مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵدا، کاتێک لێدوانی بۆ "کەناڵی دوو"ی فەرەنسادا، پەشیمان بوونەوەیەکی بێ چەندوچوون بەدیدەکرا، ئەویش کە وتی پێمان وایە کە مانگی فبرایری داهاتوو کۆتایی تەواوەتی بە ڕێکخراوی "داعش" دەهێنین، ڕەنگە ئەو کاتە بەشار ئەسەدیش لەوێ لە سەرکەوتنەکە ئامادە بێت، بەڵام ئێمە لەسەر سزاکانمان سورین و پێوستە لە بەرامبەر ئەم کوشتارانەی سوپاکەی بەرامبەر گەلی سوریا کردوویەتی باجی خۆی بدات، ئەم لێدوانە دژ بە یەکانەی ماکرۆن کە ماوەکەی نێوانیان چەند مانگێکە،

[٦٩] Nahrain Net - ، الرئيس الفرنسي ماكرون : لا ارى أي بديل شرعي للرئيس السوري بشار الأسد، ٢٠٢١/٤/٢٤
https://nahrainnet.net/?p=32174

دەرخەری ئەوەیە کە خواستێکی گەورە لە ناوخۆی فەڕەنسا هەیە کە هێشتا لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدە[٧٠].
دوای هەڵمەتە سەربازییەکەی تورکیا و هاوبەشە سورییەکانی، بۆ سەر شاری عەفرین–ی سەر بە پارێزگای حەلەب لە سوریا "ڕۆژاڤای کوردستان"، لە ژێر ناونیشانی "چڵە زەیتون" لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨، کە تێیدا هەڵمەتێکی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی "داگیرکردن" شارەکە لەلایەن تورکیاوە دەستپێکرد، کە هێزە کوردییەکانی هاوبەشی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، لەوێ بوون و کەوتنە بەر شاڵاوی ئەم هێرشە "داگیرکارییە"، لە کاردانەوەیدا ژان ئێف لۆدریان، وەزیری دەرەوەی کۆماری فەڕەنسا ڕایگەیاند؛ وڵاتەکەی نیگەرانە لەو هێرشەی تورکیا و هاوبەشە سورییەکانی بۆ سەر ئەو ناوچەیە و داوا دەکەین کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەپەلە کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدات لەسەر دۆخی ئەو ناوچانەی کە تورکیا و هاوبەشە سورییەکانی هێرشیان دەکاتە سەر، بەڵام ئەم هەوڵەی فەڕەنسا تەنها لە ئاستی لێدواندا مایەوە و هیچ هەوڵێکی مەیدانی نەدا بۆ پاراستنی ئەم شارە[٧١].
سەردەمی ئیمانوێل ماکرۆن بۆ کوردانی ڕۆژاڤا زێڕین ترین سەردەمی پەیوەندییەکانیان بوو لەگەڵ فەڕەنسا، ئەویش لەوەوە دەستپێکرد کە لە کۆتاییەکانی مانگی ئازاری ٢٠١٨

---

[٧٠] Association Orient XXI - ، باريس وسياستها التائهة في دمشق، ٢٠٢١/٤/٢٣
https://orientxxi.info/lu-vu-entendu/article2237
[٧١] - بي بي سي عربي، عفرين: مواقف دولية متباينة من اجتياح القوات التركية لها، ٢٠٢١/٤/٢٤
https://www.bbc.com/arabic/in-depth-42780452

ئیمانوێل ماکرۆن لە کۆشکی ئیلیزی پێشوازی لە شاندێکی ڕۆژئاڤای کوردستان کرد، ئەم کۆبوونەوەیە یەکەم کۆبوونەوە نەبوو لەگەڵ بەرپرسانی ڕۆژئاڤا، بەڵکو لە سەردەمی فرانسوا هۆلاندیش سەردانی تر ئەنجامدراوە بۆ کۆشکی ئیلیزێ، بەڵام ئەوەی ئەم سەردانە جیا دەکاتەوە لەوانی تر، بەشداری چەند بەرپرسێکی ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بوو لە پاڵ شاندی هێزەکانی سوریای دیموکرات لەم کۆبوونەوەیە لەگەڵ سەرکۆماری فەڕەنسا، لەمیانەی کۆبونەوەی لەگەڵ ئەم شاندەدا، ئیمانوێل ماکرۆن بەڵێنی پشتیوانی وڵاتەکەی بە هێزەکانی سوریای دیموکراتدا و پێشی ڕاگەیاندن کە بەردەوام دەبن لە هاوکارییەکانیان بۆ ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، هەروەها ماکرۆن بەڵێنی بە شاندی ڕۆژاڤا دابوو کە بۆ پاراستنی ئەوان لە هێرشەکانی تورکیا، سەرباز ڕەوانەی شاری مەنبەج دەکەن[٧٢].

ئەم هەنگاوەی فەڕەنسا تورکیای تورە کرد و نورەدین جانکیلی وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، کە ناردنی سەربازی زیاتر بۆ ئەو ناوچانە لەلایەن فەڕەنساوە کارێکی دوژمنکارانەیە[٧٣].

---

[72] - Institut Montaigne، The French President received on 29 March at the Elysee Palace a delegation of Syrian Kurdish soldiers and representatives of civil institutions linked to the Syrian Democratic Forces (SDF)، ٢٥/٤/٢٠٢١
https://www.institutmontaigne.org/en/blog/battle-syrian-kurdistan-delegation-elysee-palace-mr-erdogan-offensive-and-mr-trump-potential

[٧٣] - فرنس ٢٤ عربي، تركيا تحذر من "اجتياح" فرنسي لشمال سوريا رغم نفي باريس نيتها تعزيز تواجدها العسكري، ٢٠٢١/٤/٢٤

له ماوەی قەیرانە یەک لە دوا یەکەکانی سوریا لە ٢٠١٨دا سیاسەتەکانی فەرەنسا بەرامبەر سوریا نەگۆڕبوون، ئەم سیاسەتە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ بەردەوام بوون، سەرەڕای ئەوەی لە هەندێ کاتدا بەهۆی دۆخێکی لە ناکاو لە سوریا، ئیمانوێل ماکرۆن سەرکۆماری فەرەنسا هەڵوێستی وڵاتەکەی لە کاتی خۆیدا ڕادەگەیاند، لە گرتنگترینیان ئەو کاتەی کە دۆناڵد ترامپ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مانگی دیسەمبەری ٢٠١٨بڕیاریدا بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە مەنبەج و چەند ناوچەیەکی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە، ئیمانوێل ماکرۆن لەو کاتەدا بریاری پاشەکشەی ئەمریکای بە کارێکی خراپ زانی و بڕیاریدا کە هێزێکی سەربازی بۆ ئەو ناوچانە بنێرێت بۆ پارێزگاری لە ناوچەکە[٧٤].

بە گشتی سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا بەرامبەر سوریا لە ماوەی قەیرانی سوریادا بە چوار ئاراستەی سەرەکی جولێندراوە، کە ئەمانەن:

---

france24.com/ar/٢٠١٨٠٣٠٥-الحرب-التدخل-العسكري-سوريا-الأسد-هولاند-فرنسا-مؤسسة-تلتزم-جمعية-موسكا

74 - Le Journal du Dimanche، Syrie : Donald Trump veut le retrait de l'armée américaine, un scénario que redoutait la France، ٢٤/٤/٢٠٢١ https://www.lejdd.fr/International/syrie-donald-trump-veut-le-retrait-de-larmee-americaine-un-scenario-que-redoutait-la-france-3824282

١. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆی سوریا و هەماهەنگی کردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە چارەسرکردنی قەیرانی سوریا.
٢. بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانەی کە لە سوریا ئەنجامدراون و سزادانی بکەرانی.
٣. پێشکەشکردنی هاریکاری مرۆیی بۆ ئەو خەڵکانەی پێویستیان بە هاوکاری هەبووە.
٤. بەردەوام بوون لە جەنگی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی "داعش" و گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە چوارچیوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش[٧٥].

سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی هەردوو سەرۆک فرانسوا هۆلاند و ئیمانوێل ماکرۆن جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە سەردەمی هۆلاند قورسترین کات و ساتەکانی دۆخی سوریا بوو، چونکە لەلایەک هەم شەڕ لە دژی سوریا دەکرا هەمیش ڕێکخاروی تیرۆریستی "داعش" دەستی بەسەر بەشێکی سوریادا گرتبوو، بۆیە ئەگەر جیاوازییەک هەبێط لە سەردەمی هەردوو سەرۆک ئەوەیە کە هۆلاند زێدەتر کەوتە ناو قولایی دۆخی سوریا، بەلام ماکرۆن لەگەڵ بوونی بە سەرکۆماری فەڕەنسا وردە وردە خۆری

[75] - Ministère de l’Europe et des Affaires étrangères، Syrie : comprendre la position de la France، ٢٤/٤/٢٠٢١ diplomatie.gouv.fr/fr/dossiers-pays/syrie/syrie-comprendre-la-position-de-la-france/

"داعش" ئاوا دەبوو، بۆیە کەمتر قورسایی کەوتبووە سەر، بەڵام بۆ ئەوەی بە کاریگەری بنمێنێتەوە، سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر بە قەیرانی سوریا وەک پێش خۆی ئاراستە دەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی تر، چونکە لە سەردەمی هۆلاند مامەڵەی هاوبەش بوون لە ناوخۆسی سوریا لەگەڵ هاوپەیمانی نێشتمانی دەکرا، بەڵام هۆلاند مامەڵە سیاسییەکانی خۆی ئەمجارە لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکرد.

**لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتین، کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:**

١. دوای نزیکەی سێ چارەگە سەدە لە دەرچوونی سوپای فەڕەنسا لە خاکی سوریا و کۆتاییهاتنی ئینتدابەکەی، کە ماوەی ٢٦ ساڵ ئەو وڵاتەی خستبووە ژێر ئینتدابی خۆیەوە ١٩١٨-١٩٤٦، دیسان هەلێکی تری بۆ ڕەخسایەوە تا بە مەیدانی بێتەوە ناو خاکی سوریا، بەم هۆیەشەوە توانی جارێکی تر و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێتەوە سوریا و پشێوییەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە بقۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری هەبێت لەسەر ئاڵنگارییەکانی ناوخۆیی سوریا، ئەمەش دوای نزیکەی دەیەیەک لە کێشمەکێشمە سیاسی و سەربازییەکانی سوریا لە ماوەی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبیدا، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لە سوریا، بەڵام سوریا هاوئەنجامی وڵاتانی تر نەبوو، بەو پێیەی دوای ئەم

شەڕە ناوخۆییە، ڕژێمی دەستەڵاتدار لە دەستەڵات مایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فەڕەنسا خۆگونجێنانە لەگەڵ دۆخی سوریا مامەڵە بکات، بەمەش دەبوایە هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان بژاردەیەکی بەرهەڵستکار و ڕژێم، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی بە پارێزراوی بمێننەوە.

٢. سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا لەم ماوەیەدا دوو ئاراستەی جیاوازی وەرگرت، دەستپێکی جەنگەکە بە ئاراستەی چارەسەری سەربازی قەیرانی سوریا دەستیپێکرد، کە بەشێکی سوپاکەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی ناتۆ نارده ئەو شوێنانەی کە لە دەستی بەرە بەرهەڵستکارییەکانی ڕژێم دابوون، هاوکات یەکەمین وڵاتی ئەوروپی بوو کە دانینا بە بەرەی بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعسی دەستەڵاتدار (ائتلاف الوطني السوري)، دواتر هاوکاری سەربازی "سوپای سوریای ئازاد"ی کرد کە ڕێکخستنێکی چەکداری سەر بەم بەرەیە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی کارای هەبوو لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە لەسەر ئاستی نێودەولەتی دەدران بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا، بە تایبەت ئەو بڕیارانەی کە لە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیوەست بە قەیرانی سوریا دەردەچوون. دواتر ئاراستەی چارەسەری سیاسی هەڵبژارد و لایەنە دژ بە یەکەکانی بەرەو دانوستان هاندەدا، چونکە لەوەو

پێش ڕوسیا و چین کە دوو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشن بوونەتە کۆڵەکەی مانەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد و ڕێگری دەکەن لە دەرکردنی بڕیاری یەکلاکەرەوە لە ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە هاوسەنگی رابگرێت لەنێوان هەردوو بەرەکەدا.

٣. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی تری سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا، جیاوازی تێڕوانین و سیاسەتی بەرە بەرهەڵستکارەکانی گۆڕەپانی جەنگی سوریا بوو، کە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک گروپی چەکداری ئیسلامی توندڕەو و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەش دەرکەوتنی هێزە کوردییەکان و لە بەشێکی تری وڵاتەکە هاوپەیمانییەتی نیشتمانی سوری، کە پێکهاتبوون لە کۆمەڵێک لایەنی بەرهەڵستکاری ڕژێم، بەشی زۆریان هێندەی شەڕیان لە دژی یەکتردا دەکرد، هێندە ڕووبەڕووی ڕژێمی ئەسەد نەدەبوونەوە، ئەمەش وای کرد سوریا دابەشببێت بەسەر هەژموونی ئەو گروپە چەکدارییانە، لە دەرئەنجامیشدا کۆماری فەرەنسا ئەرکی قورستر بوو لە دەستنیشانکردنی هاوپەیمانێک، کە بتوانێ پاڵپشتی سیاسی و سەربازی بکات، لە کۆتاییدا پاڵپشتی دوو بەرەی دژ بە یەکی کرد (هێزەکانی سوریای دیموکرات و سوپای

سوریای ئازاد)، بەڵام دواتر بەهۆی نزیکبوونەوەی سوپای سوریای ئازاد لە تورکیا و پەیوەندی شاراوەی لەگەڵ بەرە جیهادییەکان، فەڕەنسا پشتگیرییەکانی بۆ ئەم هێزە ڕاگرت و وەک تاکە هاوپەیمانی ناوخۆی سوریا، مەودای پاڵپشتییەکانی بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات فراوانتر کرد.

٤. یەکێکی تر لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانەی سوریا بووە هۆی درووستبوونی بۆشایی سیاسی و سەربازی لە چەند ناوچەیەکی ئەو وڵاتە، کە ئەمەش ڕیگە خۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی "داعش" کە دواجار بەشێکی فراوانی لە خاکی سوریا و دواتریش عێراق داگیرکرد و وەک دەوڵەتێک خۆی ناساند و لەم ماوەیەش بووە کارەکتەری سەرەکی هێز لە سوریا، کە لە ئەنجامدا دۆخی ئەو وڵاتەی ئاڵۆزتر کرد و لە یەکەم کاردانەوەی دەرەوەشیدا پاریسی پایتەختی کۆماری فەڕنسای کردە ئامانج، ئەمەش بووە هۆی گۆڕینی تەواوەتی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر سوریا، بە شێوەیەک فەڕەنسای ناچارکرد هێندەی پەرۆشی لەناوبردنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە بێت، هێندە نەپرژێتە سەر کێشە سەرەکییەکی سوریا کە پێویستی بە چارەسەر بوو، دەتوانین بڵێین لە سەردەمی درووستبوونی داعشەوە


فەڕەنسا بەشی زۆری وردبینی خۆی خستبووە سەر ڕووبەڕووبونەی داعش. بۆ ئەوەی ڕوونتر بێتەوە، دەتوانین بڵێین، پێش سەرهەڵدانی "داعش" ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر دوورخستنەوەی ڕژێمی ئەسەد بوو، بۆیە لە سەرەتاوە هاوکاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەکرد، بە ئاراستەی ڕوخاندنی ڕژێمەکە، بەڵام دوای ڕوداوەکانی پاریس و هاوپەیمانی بەشی زۆری هێزە ئیۆزسیۆنە چەکدارەکان لەگەڵ تورکیا، چیتر ئامانجی لادانی ڕژێمی بەعس نەبوو، بەڵکو بە ئاراستەی چارەسەری سیاسی قەیرانی سوریا هەنگاوی دەنا، کە دواجار ئەم ستراتیژە زیاتر بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسای دەپاراست، چونکە کۆتایی دەهێنا بە هەرەشەی "داعش" و گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا چەنیدن هێرشی تیرۆریستان کردە سەر فەڕەنسا.

٥. دەرئەنجامێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، فەڕەنسا بەهۆی گۆڕینی سێ سەرۆک کۆمار لەم ماوەیەدا، کە دەکرێ بڵێین لە ڕووی ستراتیژەوە سێ سەردەمی جیاواز بوون، لە ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی خاو بوو، ئەمەش کاریگەری خستبووە سەر خێرایی بڕیارادان لەسەر ستراتیژی سیاسی فەڕەنسا بەرامبەر بە قەیرانی سوریا، بە تایبەت سەردەمی ئیمانوێل ماکرۆن کە سەردەمێکی تەواو جیاواز بوو،

بەو پێیەی بە ڕابەرایەتی هێزێکی سیاسی نویێ هاتە سەر تەختی کۆماری فەڕەنسا، کە ئەزموونێکی کەمیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە جیهانییەکان هەبوو، بۆیە سەردەمی ماکرۆن دەتوانین ناو بنێین، سەردەمی دابەزینی کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر بە سوریا.

پاشکۆ

ئاماری زیانلێکەوتوانی جەنگ لە سوریا تا ٢٠٢١




سەرچاوە:
https://www.statista.com/chart/24418/key-numbers-about-the-war-in-syria/

**هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی بابەتی توێژینەوەکە**

دوو هۆکاری سەرەکی لە پشتەوەی دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە، هۆکاری یەکەم ئەکادیمییە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پسپۆڕییەوە هەیە لە بواری زانستە سیاسییەکاندا، لەم سۆنگەیەوە مەبەستمان بوو لە بواری دەستنیشانکردنی پسپۆڕییەکەمان کە سیاسەتی دەرەوەیە، لە مەودایەکی بەرجەستەکراویشدا کە سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسایە تاقیبکەینەوە، هۆکاری دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ویستی و ئامانج، کە لە بنەمادا ویستەکە لە سۆنگەی نەتەوەییەوە درووست بووە، چونکە بە گرنگمان زانی کە سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا بەرامبەر بە سوریا بزانین لە ماوەی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی لەم وڵاتەدا، کە کوردەکان لەم ماوەیەدا کارەکتەری سەرەکی بوون.

### میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، بە شێوەکی بنەڕەتی پشتمان بە دوو میتۆد بەستووە، یەکەمیان **میتۆدی مێژووییە** بۆ ناساندی پێشینەی سوریا و پەیوەندییە مێژووییەکانی لەگەڵ فەڕەنسا، هەروەها پشتمان بە **میتۆدی بەراوردکاری** بەستووە بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی سێ سەرکۆماری فەڕەنسادا.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە لە چەند ڕەهەندێکەوە دەردەکەون، یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە لایەنی مەیدانی جەنگی ناوخۆی سوریا و دەرخستنی هەڵوێستی ڕوونی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسایە لەم ماوە زەمەنیەدا بەرامبەر ئەم وڵاتە، هەروەها ڕەهەندێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە وردی باسی بەشداری فەڕەنسا بکات لە بەرامبەر جەنگی دژ بە "دەوڵەتی ئیسلامی" کە بەشێکی خاکی سوریای داگیرکردبوو، هەروەها ڕەهەندێکی تر کە لەلای توێژەر گرنگترینیانە، سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسایە بەرامبەر پرسی چارەسەری دۆزی کورد لە سوریا و شێوازی مامەڵەی فەڕەنسا لەگەڵ ئیدارەی خۆسەری لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

## پرسیاری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی پرسیارێکی هەرە گرنگدا دەگەڕێت، کە لە بنەمادا بووەتە ئیشکالیەتی توێژینەوەکە، ئەویش دەکرێ بەم شێوەیە پرسیارە گرنگەکە بکەین: **لە کاتی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی لە سوریادا، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا چۆن بوو؟**

## گریمانەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا گریمانیەک دادەنێین و لەوێوە هەنگاو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە هەڵدێنین، کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا بە زانیاری و شیکارییە بەڵگەدارەکان، هەوڵی سەلماندنی ئەو گریمانەیە دەدەین، دەکرێت ئەم گریمانیە بەم شێوەیە بخرێتە سەر زمان: **لە ماوەی ڕووداوەکانی "بەهاری عەرەبی"دا، سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لەپاڵ هەبوونی بەرژەوەندی ئابووری و کلتوری لەگەڵ ڕژێمی بەعسی دەستەلاتدار لە سوریا، بە شێوازێک ئاراستە دەکرا، کە هەم بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت و هەم بە زووترین کات سوریا بگاتە دۆخی چارەسەری، لەم پێناوەشدا هەوڵەکانی خۆی بە هاوکاریکردنی هێزەکانی دەرەوەی حکومەتی سوریا دەدا و لە هەمان کاتدا دەیەویست سوریا بەرەو هەنگاوی دیموکراسی ببات، بۆیە هاوکاری هێزە کوردییەکانی باکووری سوریاشی دەکرد، بۆ ئەوەی لە داهاتووی سوریادا بەپێی قورسایی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی سوریادا پێگەیان هەبێت.**

## پیکەری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و دەرئەنجامەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی مێژووی هاوچەرخی سوریا و سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا لە سوریا، باسی یەکەم تایبەتە بە مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتی سوریا، باسی دووەم تایبەتە بە سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا لە سوریا،

بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی، دەستپێکی بەهاری سوری و سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی سارکۆزی و هۆلاند و ماکرۆن-ە، کە ئەم بەشەش دوو باس و لە هەر باسێکیشدا دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، باسی یەکەم دەستپێکی بەهاری سوری و سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی سارکۆزی، کە تەوەری یەکەمی پێکاتووە لە دەستپێکی بەهاری سوری و تەوەری دووەمی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی سارکۆزی، هەروەها باسی دووەمیش سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی فرانسوا هۆلاند و ئیمانوێل ماکرۆن، کە تەوەری یەکەمی لە سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی فرانسوا هۆلاند و تەوەری دوومی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سەردەمی ئیمانوێل ماکرۆن پێکهاتووە.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە

١- بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوە، زۆر گرفت هاتنە پێشەوە، یەکێک لە گرفتەکان کەمی سەرچاوە بوو لەسەر بابەتەکە، ئەویش بەهۆی تازەیی بابەتی توێژینەوەکە، بە تایبەت سەرچاوەی وەک کتێب و توێژینەوە و گۆڤاری زانستی و پەیپەری ئەکادیمی، هەر بۆیە زەحمەتییەکی زۆرمان بینی لە دۆزینەوە و بەکارهێنانی زانیاری بۆ شیکاری زانستی بابەتی توێژینەوەکە لە سەرچاوە ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنیەکان.

سەرچاوەی کتێب

عەرەبی:

١ – ابو خلدون ساطع الحصري، يوم ميسلون، دار الاتحاد، بيروت، طبع الاول 1945

٢ – جورج جبور، سورية ١٩١٨ – ١٩٦٨: ثبت بأهم الأحداث السياسية التي عرفتها سورية، مكتبة الابجدية، ديمشق، طبع الاول ١٩٩٣

٣ – د.محمد أنيس ، الشرق العربي في التاريخ الحديث والمعاصر، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٧

٤ – ذوقان قرقوط ، المشرق العربي في مواجهة الاستعمار، قراءة في تاريخ سوريا المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٧

٥ – ستيفن هامسلي لونغريغ، تاريخ سوريا ولبنان تحت الانتداب الفرنسي، ترجمة وتحقيق: بيار عقل، دار الحقيقة، البيروت، الطبعة الاول ١٩٧٨

٦ – شاكر الدبس ، الدول العربية في الأمم المتحدة، دار النشر العربي، دمشق، طبع الأولى ٢٠١٥

٧ – عصام كمال خليفة، أبحاث في تاريخ لبنان المعاصر، دار الجيل، بيروت، طبع الاول ١٩٨٥

٨ – عطا محمد صالح وفوزي أحمد تيم، النظم السياسية العربية المعاصرة، جامعة قاريونس، بنغازي، ١٩٨٨

٩ – محمد هواش، تكون جمهورية سورية والانتداب، منشورات السائح، لبنان، الطبعة الأولى ٢٠٠٥

١٠ – نجيب الأرمنازي، سورية من الاحتلال حتى الجلاء، دار الكتاب الجديد، بيروت، طبع الثانية ١٩٧٣

١١ – وديع بشور، سوريا صنع دولة وولادة أمة، دار اليازجي، دمشق، طبعة الاول ١٩٩٤

١٢ – وليد المعلم، سوريا ١٩١٨– ١٩٥٨ (التحدي والمواجهة)، شركة بابل للنشر، دمشق، طبع الأول ١٩٨٥

١٣ – وليد المعلم، سورية ١٩١٦ – ١٩٤٦ .. الطريق إلى الحرية، هيئة العامه سورية للكتاب، دمشق، الطبعة الاول ٢٠١٥

١٤ – يوسف الحكيم، سورية والانتداب الفرنسي، دار النهار، بيروت، الطبعة الثانية ١٩٩١

١٥ – ادهم الجندي، تاريخ الثورات السورية، مطبعة الاتحاد، دمشق، الطبعة الاول ١٩٦٠

ئینگلیزی:

1 – Arslan, Emir Chekib. 1924. “Syrian Opposition to French Rule.”P–239–247

2 – Hourani: Syria and Lebanon. The problem of westernization. Apolitical Essay. P.172

گۆڤاری زانستی

عەرەبی:

١ – د.اكرم محمد عدوان، مدينة دمشق ومواجهة الاستعمار الفرنسي، مجلة الجامعة الاسلامية، سلسلة الدراسات الانسانية، المجلد الثامن عشر العدد الثاني، الجامعة الاسلامية، كلية الاداب، قسم التاريخ والاثار، غزة– فلسطين ٢٠١٠

٢ – عمار خالد رمضان الربيعي، الانقسام الوطني اللبناني في عهد الانتداب الفرنسي ( ١٩٤٣ – ١٩٢٠)، جامعة البصرة، كلية التربية للبنات، القسم التاريخ، مجلة دراسات تاريخية، 209–272،2014

٣ – محمد جمال باروت، المؤتمر السوري العام ( ١٩١٩ – ١٩٢٠ ): الدستور السوري الأول السياق، الطبيعة والوظائف، المراحل والقضايا، المركز العربي ّ للابحاث ودراسات السياسية، نشر التبيون، العدد ٣ – المجلد الاول – شتاء ٢٠١٣

مالْپەڕە ئەلیکتۆنییەکان

عەرەبی:

١ – تاريخ سوريا المعاصر، حكومه الامير سعيد الجزائيري، ٢٠٢١/٣/٥
https://syrmh.com/2018/11/15/%d8%ad%d9%83%d9%88%d9%85%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%a3%d9%85%d9%8a%d8%b1-%d8%b3%d8%b9%d9%8a%d8%af-%d8%a7%d9%84%d8%ac%d8%b2%d8%a7%d8%a6%d8%b1%d9%8a/

٢ – تاريخ سوريا المعاصر، حكومه الامير سعيد الجزائيري، ٢٠٢١/٣/٧

https://syrmh.com/1920/01/09/%D8%A7%D8%AA%D9%81%D8%A7%D9%82-%D9%81%D9%8A%D8%B5%D9%84-

%D9%83%D9%84%D9%8A%D9%85%D9%
86%D8%B5%D9%88-1920

٣ – وكالة الانباء والمعلومات الفلسطينية وفا، معاهدة سان ريمو (مخلص الاتفاقية) ٢٠٢١/٣/١٠
https://info.wafa.ps/ar_page.aspx?id=5113

٤ – وزارة الدفاع في جمهورية العربية السورية، المعاهدة الفرنسية – سورية (١٩٣٦ – ١٩٤١)، ٢٠٢١/٣/١١

http://www.mod.gov.sy/index.php?node=554&cat=1169

٥ – بى بى سى عربي، تسلسل الأحداث في سورية منذ بدء الاحتجاجات، ٢٠٢١/٤/١٢

www.bbc.com/arabic/middleeast/2011/04/110427_syria_timeline

٦ – دوجه ويلة عربي، زيارة ساركوزي– نهاية العزلة عن سوريا ودعم لنفوذ فرنسا!، ٢٠٢١/٤/١٥
dw.com/ar/زيارة-ساركوزي-نهاية-العزلة-عن-سوريا-ودعم-لنفوذ-فرنسا/a-٣٦١٦٤٥٦

٧ - نهار نيت، ساركوزي: فرنسا لن تتدخل بسوريا بدون قرار مسبق من مجلس الأمن الدولي، ٢٠٢١/٤/١٦
http://www.naharnet.com/stories/ar/5794

٨ - بي بي سي عربي، فرنسا مستعدة لدعوة مجلس الامن للاقتراع على قرار يدين سورية، ٢٠٢١/٤/١٦
bbc.com/arabic/middleeast/2011/06/110607_syria_france_un

٩ - فرانس ٢٤ عربي، متظاهرون يهاجمون سفارتي أمريكا وفرنسا في دمشق وجرح ثلاثة من السفارة الفرنسية، ٢٠٢١/٤/١٧
france24.com/ar/20110711-french-embassies-attack-demonstrators-government-syria-violence-wounded-ministry-foreign-affairs

١٠ - دبلوماسية فرنسية عربي، الحرب في سورية: توضيح موقف فرنسا، ٢٠٢١/٤/١٧
diplomatie.gouv.fr/ar/afrique-du-nord-et-moyen-orient/syrie/la-france-et-la-syrie/guerre-en-syrie-comprendre-la-position-de-la-france/

١١ – روسيا اليوم عربي، ساركوزي: سوريا مسحت من الخريطة تقريبا، ٢٠٢١/٤/١٧
arabic.rt.com/news/٨٢٢٦٥٠-ساركوزي-سوريا-مسحت-من-الخريطة-تقريبا-والجزائر-تشكل-تهديدا-لأوروبا/

١٢ – فرنس ٢٤ عربي، الرئيس الفرنسي نيكولا ساركوزي يدعو الأسد للتنحي، ٢٠٢١/٤/١٨
france24.com/ar/٢٠١٢٠١٠٣-سوريا-فرنسا-نيكولا-ساركوزي-بشار-الأسد-دعوة-للتنحي-احتجاجات

١٣ – فرنس ٢٤ عربي، الرئيس ساركوزي يقرر إغلاق السفارة الفرنسية في دمشق ، ٢٠٢١/٤/١٨
france24.com/ar/٢٠١٢٠٢٠٣-فرنسا-تغلق-سفارة-دمشق-نيكولا-ساركوزي-الثورة-السورية-بشار-الأسد-احتجاجات

١٤ – الجزيرة نت، تسلسل زمني لاحتجاجات سوريا، ٢٠٢١/٤/١٨

www.aljazeera.net/news/arabic/٢٠١١/٤/١٥/تسلسل-زمني-لاحتجاجات-سوريا

١٥ - فرانس ٢٤ عربي، هل سيغير "فرانسوا هولاند" السياسية الخارجية لفرنسا؟، ٢٠٢١/٤/١٩
france24.com/ar/20120506-france-francois-hollande-french-presidential-international-policy

١٦ - لدنيا الوطن، فرنسا تطرد السفير السوري، ٢٠٢١/٤/١٩
https://www.alwatanvoice.com/arabic/news/2012/05/30/282712.html

١٧ - شبكة الجزيرة الاعلامية، فرنسا تعترف بالائتلاف السوري، ٢٠٢١/٤/١٩
aljazeera.net/news/arabic/٢٠١٢/١١/١٣/فرنسا-تعترف-بالائتلاف-السوري

١٨ - الحرة عربي، هولاند يطالب المعارضة السورية بالسيطرة على المناطق الخاضعة لجماعات متطرفة، ٢٠٢١/٤/٢٠
alhurra.com/syria/2013/06/23/هولاند-يطالب-المعارضة-السورية-بالسيطرة-المناطق-الخاضعة-لجماعات-متطرفة

١٩ - الجمهورية، هولاند: فرنسا يمكن أن تشارك في اي تحرك بشأن سوريا بدون بريطانيا، ٢٠٢١/٤/٢٠

aljoumhouria.com/ar/news/٩١٧٧٢/هولاند-فرنسا-يمكن-ان-تشارك-في-اي-تحرك-بشان-سوريا-بدون-بريطانيا#mostRead_٥٩١٥٢٤

٢٠ – روسيا اليوم عربي، هولاند يدعو لتسليح المعارضة التي تقاتل "الدولة الإسلامية" في سورية، ٢٠٢١/٤/٢١
arabic.rt.com/news/٧٥٦٢٨٩-هولاند-الأسد-ليس-شريكا-في-الحرب-على-الإرهاب/

٢١ – العربي الجديد، مظاهرة في باريس تنتقد "صمت فرنسا إزاء " كوباني"، ٢٠٢١/٤/٢١
alaraby.co.uk/مظاهرة-في-باريس-تنتقد-"صمت-فرنسا-إزاء-"-كوباني"

Arabic News٢٢ – ، هجمات باريس يمكن أن تغير سياسة فرنسا الخارجية تجاه الأزمة في سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٢
http://arabic.news.cn/2015-11/16/c_134819791.htm

٢٣ – بي بي سي عربي، بعد الهجمات الأخيرة في باريس، بدأت تعلو الأصوات المطالبة بتغيير السياسة الفرنسية الخارجية تجاه سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٢
https://www.bbc.com/arabic/multimedia/2015/11/151116_france_attack_syria

٢٤ - المستقبل، "برجماتية" باريس: تحولات السياسة الفرنسية في عهد هولاند، ٢٠٢١/٤/٢٢
https://futureuae.com/ar/Mainpage/Item/624/%D8%A8%D8%B1%D8%AC%D9%85%D8%A7%D8%AA%D9%8A%D8%A9-%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%B3-%D8%AA%D8%AD%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%B1%D9%86%D8%B3%D9%8A%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%B9%D9%87%D8%AF-%D9%87%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%86%D8%AF

٢٥ - يوتيوب، فرانسوا هولاند يدعو إلى الإسراع بفرض السلام في سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٣

https://www.youtube.com/watch?v=_UqDaTmFJmE

٢٦ – بي بي سي عربي، بوتين يلغي زيارة إلى فرنسا وسط خلاف بشأن النزاع في سوريا، ٢٠٢١/٤/٢٣
https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2016/10/161011_syria_russia_france_putin_visit

٢٧ – شبكة الجزيرة الاعلامية، هولاند: تدخلات تركيا وروسيا بسوريا تهدد بتصعيد شامل، ٢٠٢١/٤/٢٣
https://podcast.aljazeera.net/news/international/2016/8/30/%D9%87%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%86%D8%AF-%D8%AA%D8%AF%D8%AE%D9%84%D8%A7%D8%AA-%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7-%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-%D8%A8%D8%B3%D9%88%D8%B1%D9%8A%D8%A7

٢٨ – دوجة ويلة عربي، ماكرون يلتقي وفد المعارضة السورية برئاسة حجاب بعد لقائه بوتين، ٢٠٢١/٤/٢٤
dw.com/ar/ماكرون-يلتقي-وفد-المعارضة-السورية-برئاسة-حجاب-بعد-لقائه-بوتين/a-٣٩٠٥٤٣٥٤

٢٩ – نهرين نت، الرئيس الفرنسي ماكرون : لا ارى أي بديل شرعي للرئيس السوري بشار الأسد، ٢٠٢١/٤/٢٤
https://nahrainnet.net/?p=32174

٣٠ – ئورينت اسوسيشن، باريس وسياستها التائهة في دمشق، ٢٠٢١/٤/٢٣
https://orientxxi.info/lu-vu-entendu/article2237

٣١ – بي بي سي عربي، عفرين: مواقف دولية متباينة من اجتياح القوات التركية لها، ٢٠٢١/٤/٢٤
https://www.bbc.com/arabic/in-depth-42780452

٣٢ – فرنس ٢٤ عربي، تركيا تحذر من "اجتياح" فرنسي لشمال سوريا رغم نفي باريس نيتها تعزيز تواجدها العسكري، ٢٠٢١/٤/٢٤

france24.com/ar/٢٠١٨٠٣٠٥-الحرب-التدخل-العسكري-سوريا-الأسد-هولاند-فرنسا-مؤسسة-تلتزم-جمعية-موسكا

**English:**

1 – Britannica, the discussion of the legacy of the Jasmine Revolution, 10/4/2021
www.britannica.com/event/Jasmine-Revolution

2 – Digital journal, A recap of the Syrian crisis to date, PAUL IDDON, 10/4/2021
digitaljournal.com/article/329590

3 – Washington post, European leaders threaten Syria with sanctions, 14/4/2021
washingtonpost.com/world/european-leaders-threaten-syria-with-sanctions/2011/04/26/AFM9t9qE_story.html

4 – AL ARABIYA NETWORK، Syrian opposition: 1,300 killed in chemical attack on Ghouta region، ٢٠/٤/٢٠٢١
english.alarabiya.net/News/middle-east/2013/08/21/Syrian-activists-at-least-500-killed-in-chemical-attack-on-Eastern-Ghouta

5 – France24، France ready to 'punish' those behind Syria gas attack، ٢٠/٤/٢٠٢١
www.france24.com/en/20130827-france-punish-syrian-chemical-attack-hollande

6 – Foreign Policy، the Beginning of a Caliphate: The Spread of ISIS، ٢١/٤/٢٠٢١
foreignpolicy.com/2014/06/11/the-beginning-of-a-caliphate-the-spread-of-isis-in-five-maps/

## France:

1 - Lemonde, Damas promulgue un décret de naturalisation d'habitants kurdes, 12/4/2021
https://www.lemonde.fr/proche-orient/article/2011/04/07/damas-promulgue-un-decret-de-naturalisation-d-habitants-kurdes_1504426_3218.html

2 - Le Monde، "La voix de la France a disparu dans le monde"، ١٥/٤/٢٠٢١
https://www.lemonde.fr/idees/article/2011/02/22/on-ne-s-improvise-pas-diplomate_1483517_3232.html

3 - 20minutes، Syrie: La communauté internationale indignée après le massacre d'Houla، ١٩/٤/٢٠٢١
20minutes.fr/monde/941655-20120527-syrie-communaute-internationale-indignee-apres-massacre-houla

4 - 20minutes، Syrie: «Il n'est pas question d'une intervention, il s'agit seulement d'une posture»، ١٩/٤/٢٠٢١
20minutes.fr/monde/943809-20120530-syrie-il-question-intervention-agit-seulement-posture

5 - L'Obs، Syrie : pourquoi Fabius est sur le banc de touche، ٢١/٤/٢٠٢١
https://www.nouvelobs.com/monde/guerre-en-syrie/20151022.OBS8154/syrie-pourquoi-fabius-est-sur-le-banc-de-touche.html

6 - Le Journal du Dimanche، Syrie : Donald Trump veut le retrait de l'armée américaine, un scénario que redoutait la France، ٢٤/٤/٢٠٢١
https://www.lejdd.fr/International/syrie-donald-trump-veut-le-retrait-de-larmee-americaine-un-scenario-que-redoutait-la-france-3824282

7 - Ministère de l'Europe et des Affaires étrangères، Syrie : comprendre la position de la France، ٢٤/٤/٢٠٢١
diplomatie.gouv.fr/fr/dossiers-pays/syrie/syrie-comprendre-la-position-de-la-france/